



چۆنیەتی ناردنی SMS لە ڕێگەی بلوتوسەوە 2

بۆ یەکەم جار بڕوانامەی سیسکۆ لە کوردستان 4


شازی لاپتۆپ 6



بەستنی کێبڵی تۆڕو ئینتەرنێت 7



www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

**C4kurd**
A weekly Publication on Information Technology

No. (12) First Year
Tuesday Mar. 11 2008

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە



www.c4kurd.com

سایتی سی فۆر کورد هەمیشە پێشەنگە بۆ بابەتی زانستی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت. بەسەردانکردنی سودمەند دەبیت لە:
وانەی فێربون، بەرنامەی تازە ، فێربونی فۆتۆشۆپ، هەواڵی نوێ، ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز، فێربونی دروستکردنی سایتی ئینتەرنێت...



هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (12) سالی یەکەم سێ شەممە 11-03-2008


# چات کردن لە ناو ئینتەرنێتدا بەبێ بەکارهێنانی پرۆگرام

لاپەڕە ٧

## میمۆری کارتی ٣٢ گێگا بایتی



کۆمپانیای پاناسۆنیك هەستاوە بە دروستکردنی میمۆری کارتێك بە قەبارەی ٣٢ گێگا بایت کە توانای پاشەکەوتکردنی تا ١٢ کاتژمێر ڤیدیۆیی بە دقەیەکی زۆری هەیە. کە بەکاردێت بۆ کامێرای دیجیتاڵ بەتایبەتی کامێرا پێشکەوتوەکان کە قەبارەی وێنەکانیان زۆر گەورەیە. جگە لەوەی توانای گواستنەوەی زانیاریەکانی هەیە بۆ هەر ٢٠ مێگایەك لە چرکەیەکدا.

## Cowon Q5W تایبەت بە لێدانی ڤیدیۆ



ئامێری Cowon Q5W تازەترین جۆری ئامێرەکانی PVP کە کوتکراوەی Portable Video Player، ئەم ئامێرە بە دوو جۆری جیاواز لە قەبارە هەیە یەکێکیان 60 گێگا بایت و ئەوی تر 40 گێگا بایت کە تایبەتە بە لێدانی ڤیدیۆیی بە شاشەیەکی بەهێزی جۆری LCD و قەبارەکەی تەنها 5 ئینجە و بە لەمسیش کاردەکات. جگە لەوەش ئەم ئامێرە زۆربەی جۆرەکانی دەنگ دەخوێنێتەوەو سیستەمیکی تایبەتی ویندۆزی لەسەرە. جگە لەمانەش رادیۆی تێدایەو نوسینی تێکستیش دەخوێنێتەوە.

## بیرۆکەی پرنتەرێکی بچوک و گەڕۆک



لەم دوایانەدا نەخشەسازێکی بەناوبانگ بە ناوی Hung Chih Wang هەستاوە بە دانانی بیرۆکەیەك بۆ دروستکردنی پرنتەرێکی زۆر بچوك کە بەکاردێت بۆ ئەو کاتانەی لە گەشتدایت و دەتوانیت بە ئاسانی لە پشتی لاپتۆکەت ببەستیت و ئەو شتانەی کە دەتەوێت چاپی بکەیت.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیە باشەکانی ئەوەیە تەنها بە یو ئێس بی بە کۆمپیوتەرەکەتەوە پەیوەست دەبێت و پێویستی بە کارەبا نیە.

## مۆبایل و لاپتۆپ لە یەک ئامێردا



کۆمپانیای Sungjut ی کۆری هەردوو ئامێری لاپتۆپ و مۆبایلی لەیەك ئامێردا کۆکردۆتەوە. ئەم ئامێرە ناوی VIA NanoBook ەو پرۆسێسەری لە جۆری VIA C7-M ULV و شاشەکەشی 7 ئینجەو یەك گێگا رامیەتی و هاردەکەی 80 گێگایە. جگە لەمانە بلوتوس و لانکارتی وایەر لێسی تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا لە پاڵ شاشەکەیدا مۆبایلێکی جۆری Skype/VoIP لێ بەستراوە.

## مۆبایلێکی تازەی سۆنی ئیریکسۆن لە شێوەی ئایفۆندا



دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی ئایفۆنی کۆمپانیای ئەپڵ لە بازاڕەکانی تایبەت بە فرۆشتنی مۆبایل، زۆربەی کۆمپانیاکانی ئەم بوارە لە کێبرکێیەکی زۆردان لەگەڵ ئایفۆندا. بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای سۆنی ئیریکسۆن هەستاوە بە دروستکردنی تازەترین مۆبایل لە شێوەی ئایفۆن کە بە لەمس کاردەکات.

ئەم مۆبایلەی ناو ناوە Xperia X1 و سیستەمەکەی ویندۆزی مۆبایلەو هەروەها دقەی شاشەکەی لە جوانی و رونیدا هیچی لەوەی ئایفۆن کەمتر نیە. جگە لەوەی لە جۆری نەوەی سێهەمە و کامێراکەی 3 مێگا پیسکڵەو وایەرلێس و بلوتوسی تێدایە. بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە کیبۆرد رزگار بکات.

## بۆ یەکەمجار مایکرۆسۆفت نرخی ڤیستا دادەبەزێنێت

رۆژی پێنج شەمەی رابردوو کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکی مایکرۆسۆفت لە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا نرخی ویندۆزی ڤیستای کەم کردەوە. کە ئەمە یەکەمجار لە مێژووی کۆمپانیای ناوبراو بیر لە دابەزاندنی نرخی کاڵاکانی خۆی بکاتەوە.

بۆ نمونە ویندۆزی ئێکس پی لە یەکەم رۆژدا لە ساڵی ٢٠٠١ تا ئێستا یەك نرخی هەبوە بێ گۆڕانکاری.

ئەمەش لەو سەرنەکەوتنەی ویندۆزی ڤیستا دێت کە لەگەڵ یەکەم دەرچونیەوە تا ئێستا هەر شکست دەهێنێت.

ئێستا نرخی Vista Ultimate کە بەناوبانگترین ڤێرژنی بوو نرخەکەی لە ٤٠٠ دۆلارەوە بوەتە ٣٢٠ دۆلار.

## سوکترین کامێرا لە جیهاندا



کۆمپانیای Benq هەستاوە بە دروستکردنی سوکترین کامێرا لە کێشدا بەناوی BenQ DC-X800. سکرینەکەی 3 ئینجەو لە شێوەی LCD کریستاڵە و میمۆری ناو خۆی 8 گێگایە لەگەڵ ئەوەشدا دقەکەی 8 مێگا پیکسڵە بە چەند رەنگێگی جیاوازی سور و سپی و رەش خستویەتیە بازاڕەوە.

## سامسۆنگ خێراترین دی ڤی دی رایتەر دروست دەکات



کۆمپانیای بەناوبانگی سامسۆنگ بە تایبەت لە دروستکردنی دیڤیدی و سیدی رایتەردا هەستاوە بە دروستکردنی بەهێزترین دی ڤی دی رایتەر کە دیڤیدیەکی 4.7 گێگا بایتی بە تەنها 4 خولەك و 26 چرکە کۆپی دەکات.

ئەم جۆرە رایتەرە ناوی SH-S223 و بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە کە یارمەتیت دەدات بۆ کۆپی کردنی فایل و گۆرانی و ڤیدیۆکانت.

ئەم خێراییە سودێکی زۆری هەیە بۆ گێڕانەوەی کات لەکاتی کۆپی کردنی دیڤیدیدا. چونکە قەبارەیەکی زۆری وا پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە بۆ کۆپی کردن.

## تازەترین هیدفۆنی بلوتوس بۆ مۆبایل

دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر گوێچکەی مرۆڤ کۆمپانیای مۆتۆرێلا هەستاوە بە دروستکردنی دوو هیدفۆنی بلوتوس بۆ مۆبایل بە ناوی H680 و H375. ئەم دوو جۆرە بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو و جوان دروستکراون و بەوە جیا دەکرێنەوە کە دەنگیان زۆر ساف و روونە جیا لە جۆرەکانی تر جگە لەوەی تەکنەلۆژیای TrueComfor ی تێدا بەکارهاتوە کە بە هۆیەوە بە تەواوەتی دەنگی خۆت لە کاتی قسەکردن جیا دەکاتەوە کە ئەمەش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هاتوە کە تایبەت بە کۆمپانیای مۆتۆرێلا کراوە لەسەر گوێچکەی مرۆڤ.

جگە لەوەی ئەم دوو جۆرە یەکێکیان بۆ ئافرەتان دروستکراوە کە شێوەیەکی سەرنج راکێش و ناسکی هەیەو ئەوی تریان تایبەت بە پیاوانە.



## مایکرۆسۆفت و AMD پلان بۆ ویندۆز سێرڤەر ٢٠٠٨ دادەنێن

هەردوو کۆمپانیای بەناوبانگی تایبەت بە تەکنەلۆژیای زانیاریەکان، مایکرۆسۆفت و ئەی ئێم دی لە لێکۆڵینەوەو پلان دانان دان بۆ باشترکردنی ویندۆز سێرڤەر ٢٠٠٨ کە مایکرۆسۆفت خاوەنەکەیەتی. هەروەها کۆمپانیای ئەی ئێم دیش لەلایەن خۆیەوە هەوڵی دروستکردنی پارچەی پرۆسێسەری بەهێز دەدات تاکو بە هەردوکیانەوە بتوانن توانایەکی باش بدەن بەم ویندۆزە تازەیەی مایکرۆسۆفت کە تایبەتە بە کاری سێرڤەراتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای ئەی ئێم دی هەستاوە بە دروستکردنی پرۆسێسەری جۆری AMD Opteron کە توانای بەهێزە و کاری لەگەڵ ویندۆز سێرڤەر ٢٠٠٨ خێرایە.

جێگری سەرۆکی کۆمپانیای ئەی ئیم دی خۆشحاڵی خۆی دەربری بەرامبەر ئەم رێککەوتنە لەگەڵ کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکی مایکرۆسۆفت بۆ دروستکردنی پرۆسێسەرێکی تایبەت و بەهێز بۆ ویندۆز سێرڤەر ٢٠٠٨. ئەوەشی روونکردەوە کە رێککەوتن لە نێوان کۆمپانیاکان بۆ کارێکی لەو جۆرە سەرکەوتنە بۆ هەردوو کۆمپانیاکەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی بەهێزە.

www.c4kurd.com


# سەرەتایەك دەربارەی مێژووی لینوكس Linux

توانا ئیسماعیل
twana_222@yahoo.com

(٢ لە ٢)

## یونكس و زمانی C (Unix & C Language)

ئەوەی باسمان كرد هەموو شتێك نەبوو دەربارەی یونكس بەڵكو لە ساڵانی 1972-1969 دووبارە دەسكرا بە نووسینەوە و دارشتنەوەی كێرنەڵی یونیكس (Unix Kernel) بە زمانێكی نوێ ئەویش زمانی C بوو. كە زمانێكی بەهێز و بەناوبانگە و تاوەكو ئێستاش ئیشی پێ دەكرێت. زمانی C تایبەت بۆ یونیكس دروست كرا لەلایەن هەردوو پرۆگرامسازی جیهانی دینس ریتشی و بریان كرنگهان.


Dennis Ritchie

هەر بۆیە ئەو كێرنەڵ گۆڕینە بە هەنگاوێكی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی یونیكس دا. چونكە بووە هۆی لەدایك بوونی زمانێكی نوێ و یونیكسیش بووە بەهێزترین و سەقامگیرترین سیستەمی بەكارخستن (OS) لە جیهاندا. وە بوونی ئەو زمانە نوێیە لە یونیكسدا هانی زۆرێك لە ئەكادیمیەكان و قوتابیانی كۆمپیوتەری دا كە لە زانكۆ و پەیمانگاكان دەیانخوێند لەگەڵ زۆربەی ئارەزوومەندانی كۆمپیوتەر و هاكەرەكان كە خۆیان فێری ئەو زمانە بكەن. لە دوایدا هەموو هەوڵ و تەقەلاكانیش بۆ دەوڵەمەندكردن و پێشكەوتنی سیستەمی یونكس دەگەڕانەوە. وەك ئەوە وابوو بۆ ماوەی چەند ساڵێك خەڵكێكی شارەزا بەردەوام ئیشی تێدا بكەن و بەرەو پێشی ببەن. لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە یونیكس چۆن توانیویەتی بگاتە ئەو هێزەی كە ئێستا هەیەتی.


بەم جۆرە زمانی C بەردەوام پێش دەكەوت بەجۆرێك خەڵكی لەسەر ئاستی وڵاتان خۆیان فێری ئەو زمانە دەكرد و ئیشیان لەسەر دەكرد و داهێنان و گۆڕانكاری بەردەوامی تێدا بەدی دەكرا. هەر جۆرە كەم و كورتیەكیشی هەبوایە وەك سەرنج و تێبینی بۆ (ڕیتشی) دەناردرا. ئەویش كێشە و كەم و كورتیەكانی چارەسەر دەكرد و لە كۆدی تایبەت بە زمانەكە دایدەنان.

## دەرچوونی یەكەم چاپی بازرگانی Unix

تاقیگەكانی بێل (AT&T) بەردەوام بوو لە گەشەپێدانی چاپەكانی Unix تا ساڵی 1983 كە توانی یەكەم چاپی بازرگانی یونیكس بە ناوی System3 (لە دوایدا بوو بە System V) دەربكات. بەڵام سەرچاوەكەی كراوە نەبوو واتە (Open Source) نەبوو.

لەسەر ئەم شێوازە تاقیگەكانی بێل هەڵسا بە قەدەغەكردنی چاپی سەرچاوە كراواكە (Open Source). بۆ ئیش پێ كردن و گۆڕینی كۆدەكانی سەرچاوەی یونیكس پێویست بوو مۆڵەت لە تاقیگەكانی بێل وەربگیرێت. بۆیە ئەو هەنگاوە بووە مایەی ناڕەزایی زۆرێك لە پڕۆگرامسازان و گرینگیدەرانی Unix كە پشكیان هەبوو و ڕۆڵی بەرچاویان بینی بوو لە بەرەو پێش بردن و گەشەپێدانی Unix لە چەند ساڵی ڕابردوو.

یەكێك لەوانەش ڕیتشارد ستولمن (Richard Stall-man) پڕۆگۆامسازی پەیمانگای ماساشوستش بۆ تەكنەلۆژیا


Brian Kernighan

(MIT) بوو.


Richard Stallman

ستۆلمان بیری لەوە كردەوە سیستەمێكی بەكارخستنی نوێ دروست بكات كە Open Source بێت. ئەو بیرۆكەیەش بووە سەرەتای دروست بوونی پڕۆژەی GNU.

## پڕۆژەی GNU

لە ساڵی 1983 كاتێك ستۆڵمان چاپی System3 گەیشتە دەست. گەڕا بۆ سەرچاوەی كۆدەكەی (Source Code) بۆ ئەوەی چەند گۆڕانكاریەكی تێدا باكات و لەگەڵ ئیشەكەی خۆی بگونجێنێت. وەك ڕاهاتبوو لەگەڵ ڤێرژنەكانی ڕابردوو. بەڵام بۆی دەركەوت كە ناتوانێت كۆدەكە بەدەست بێنێت و هیچ گۆڕانكاریەكیشی بۆ ئەنجام نادرێت تەنها بە مەرجێك واژوو (sign) لەسەر ئەو ڕێكەوتنە بكات Non-Disclosure Agreement كە دەبێتە هۆی مۆڵەت وەرگرتنی لە تاقیگەكانی بێل (AT&T) .

دوای ئەوەی ڕیتشاد ستۆلمن نەیتوانی Source Code ی System3 بەدەست بێنێت. پڕۆژەی GNU ی بە هاوكاری چەند پڕۆگۆامسازێك و توێژەرێك ڕاگەیاند.

GNU كورتكراوەی Gnu is Not Unix واتە GNU یونیكس نیە و سیستەمێكی سەرچاوە كراوەیە و لەسەر هەمان بنچینەكانی یونیكس كاردەكات.

لە ڕاستیدا ئەو سیستەمەی بەرهەم هات لەو پڕۆژەیە زۆربەی پێكهاتەكانی هەمان پێكهاتەی Unix بوون. چونكە ئەو كەسانەی بەشداربوون لەبەرهەمهێنانی سیستەمی GNU خەڵكانێكی بە ئەزموون وشارەزا بوون. لەوەش گرنگتر سیستەمی یونیكس چەند تایبەتمەندیەكی زۆر چاك وگرنگی هەبوو لەوانە پەیكەر و شێوازی پێكهاتنی فایلەكانی سیستەمەكە (File Sys-tem Architecture) پێكەوە گونجانیان لەگەل بەرنامەكان Utility Programs و تایبەتمەندی توانینی هەڵواسین كە پێ ی دەڵێن (Hang) چەند تایبەتمەندییەكی تر. كە نەدەكرا ئەوا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو هەموو تایبەتمەندیە بین كە بەرهەمی هەوڵ و تێكۆشانی چەند ساڵی ڕابردووی هەموو ئەو پڕۆگرامسازانە بوو كە برەو و گەشەیان بە Unix دابوو لە پڕۆژەی GNU دا بەكاری نەهێنن. تەنها لەبەر ئەوەی بە Unix نەچێت. بەڵێ ئەوان هاتن سوودیان لە هەموو ئەو ڕەنج و شەونخونیانە وەرگرت كە ببوە مایەی دروست بوونی ئەو تایبەتمەندیانەی ئەو كات لە یونیكسدا بەرجەستە دەكرا. وە پڕۆژەی GNU یان لەسەر بنیادنا. بەڵام تاكە كۆسپ و لەمپەرێك تووشیان هات دروست كردن و دارشتنی بەرنامەیەكی گرنگ و گەورە بوو وەك (C Compiler) كە ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە نێوان زمانی ئامێری ئەسمبلی(Assembly Language) و زمانی C . بە كتێبخانەكان (Libraries) ناو دەبرێت. وەك دەزانین پێك دێت لە فهرس و سەرچاوەكان و زانیاری دەربارەی كردارەكان و هەموو ئەو زانیارییە گشتیانەی پێویست نیە لە هەموو بەرنامەیەك دووبارە ببێتەوە كاتێك كە داوا دەكرێت بۆیە پێ ی دەڵێن ( System Call ).

یان بەرنامە سەرەكیەكانی وەك emacs و ڕووكاری بەكارهێنەر Bash.

بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت گرنگترین بەش كێرنەڵە (Kernel).

هەموو ئەو بەرنامانە پێویست بوون بۆ ئەوەی سیستەمێكی بەكارخستنی تۆكمە و تەواو دەربچێت. لەڕاستیدا دروستكردنی ئەو هەموو بەرنامەیە چەند ساڵێكی ویست بەڵام خۆشبەختانە لە سەرەتای نۆهەدەكان تەواوبوو. بۆ ئەم مەبەستە پێگەیەكی تایبەتیشی بۆ دروستكرا لەسەر ئینتەرنێت. (www.gnu.org)

پێگەیەكی تایبەتیش بۆ هەموو ئەو بەرنامانە دروستكرا لە ئینتەرنێت بۆ ئەوەی خەڵكی بتوانێت بە خێرایی دایانبەزێنێت بە ناوی

Free Software Foundation (www.fsf.org)

كاتی تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە هاوكات بوو لەگەڵ نووسینی یەكەم كێرنەڵی لینۆس تۆرڤالدز كە خۆی لە 64 كیلۆبایت دەدا.

بەم جۆرە پڕۆژەی GNU تەواو بوو تەنها كێرنەلەكەی مابوو بەناوی Hurd (كە لە فایلەكانی info ،man ئاماژەی پێ كراوە GNU/Hurd).

لە كۆتاییدا پڕۆژەی GNU بە كۆتاهات بە كێرنەڵەكەی لینۆس واتە كێرنەلەكەی لینۆس بووە تەواوكەری پڕۆژەی GNU.

تێبینی/

دەبینین ئامانج لە پڕۆژەی GNU بەرهەمهێنانی چەند سیستەمێكی بەكارخستن بوو نەك تەنها یەك سیستەم. بەڵام ناوبانگی Linux زاڵ بوو بەسەر هەمووئەوانی تردا تاوای لێ هات Linux بەشێوەیەكی گشتی بە سیستەمی بەكارخستنی (Op-erating System) سەرچاوە كراوە (Open Source) لە گست جیهان ناسرا.

## سەرهەڵدانی Linux

لینۆكس سیستەمێكی بەناوبانگە لەلایەن قوتابیەكی خوێندنی باڵای زانكۆی هلنسكی لە فنلەندا دروست كراوە. بەناوی لینۆس تۆرڤالدز.


Linus Torvalds

سەرەتای دروستبوونی لینۆكس بۆ پڕۆژەی توێژینەوەیەك (مشروع بحثی) دەگەڕێتەوە كە لینۆس پێ ی هەڵدەستا. پڕۆژەكەش پشتی بە بیرۆكەیەكی سادە (بەڵام گرنگ) بەستبوو. با بزانین ئەو بیرۆكەیە چی یە.

لینۆس ئیشی لەسەر پرۆسێسەری (80386) دەكرد كە كۆمپانیای ئەنتڵ بەرهەمی دەهێنا لە پێش دەرچوونی پێنتیۆمدا. بیرۆكەكە بریتی بوو لە دۆزینەوە و جێ بەجێ كردنی تایبەتمەندیەكی نوێ كە ئەوكات نەدۆزرابووەوە. پێ ی دەڵێن MMU (Memory Manage-ment Unit).

ئەو تایبەتمەندیە بۆ هەركردارێك (پرۆسێسێك) هەڵدەستا بەدابین كردنی میمۆریەكی تایبەتی جیاكراوە لە كردارەكانی تردا كە لە هەمان كاتدا جێ بە جێ دەبوون. بۆ ئەوەی ببێتە یارمەتیەك بۆ جێ بەجێ كردنی كۆمەڵێك كردار لە یەك كاتدا. هەر كردارێكیش بەشێك (Seg-ment) ی تایبەتی هەبێت لە میمۆریەكەدا. بۆ ئەوەی هەر كاتێك یەكێك لە كردارەكان



شكستی هێنا كاریگەری نەكاتە سەر كردارەكانی تر كە لەو كاتەدا ئیش دەكەن. بەڵام لە پێشتردا دۆخەكە جیاوازبوو كاتێك هەر كردارێك شكستی هێنابا لە جێ بەجێ كردنی ئەركەكەی سیستەمەكە بە تێكڕایی هەرەسی دەهێنا و دادەڕوخا كە پێ ی دەڵێن Sys-tem Down .


لەو ڕۆژگارەدا ئەو سیستەمانەی ئیشیان دەكرد لەسەر پرۆسیسەری 386 ویندۆزی تایبەت بە workgroup بوو لەگەڵ Minix. هیچ كامیان تایبەتمەندی فرەكرداریان تێدا نەبوو.

لینۆس هەڵسا بە نووسینی سێ بەرنامە:

- یەكەمیان بە بەردەوامی پیتی A لەسەر شاشە دەنووسی.
- دووەمیان بەهەمان شێواز بەڵام دەینووسی B .
- بەڵام سێ هەمیان كارەكەی گەورەتر بوو بە بەراورد لەگەڵ یەكەم و دووەم كارەكەشی ئەوەبوو هەڵدەستا بە هێشتنەوەی (Proces-sor) لە دۆخێكی پارێزراودا Protected Mode. و شیكردنەوەی بەرنامەی یەكەم و دووەم لە خشتەدا Sched-ule پاشان هەڵدەستا بە لێكدانی هەردووكیان بەیەكەوە و نیشاندانیان لەسەر شاشە.

كاتێك لینۆس ئەوتاقیكردنەوەی ئەنجامدا لەسەر شاشە ABA-BAB.... بۆ دەرچووە. هەستی كرد بیرۆكەكەی سەركەوتوو بوو و ئێستا دەتوانێت كێرنەڵێك دروست بكات فرە كرداربێت (Multi Task) واتە لەیەك كاتدا چەند كردارێك ئەنجام بدات. ئەوەبوو یەكەم كێرنەڵی بە سەركەوتوویی دروست كرد و لە ناویدا C Compiler و Bash یشی ئیش پێ كرد.

لە ساڵی 1991 لەسەر ئینتەرنێت (كە ئەو كات نێتۆرکێكی گەورە بوو لە نێوان زانكۆكان كاری پێ دەكرا. هەواڵی دروستكردنی لینۆكسی بڵاوكردەوە و داوای لە خەڵك كرد بەشداری بكەن لە پڕۆژەكەیدا. ئەوەش نامەكەیە:



```
From: torvalds@klaava.Helsinki.FI (Linus Benedict Torvalds)
Newsgroups: comp.os.minix
Subject: What would you like to see most in minix?
Summary: small poll for my new operating system
Message-ID: <1991Aug25.205708.9541@klaava.Helsinki.FI>
Date: 25 Aug 91 20:57:08 GMT
Organization: University of Helsinki


Hello everybody out there using minix -

I'm doing a (free) operating system (just a hobby, won't be big and
professional like gnu) for 386(486) AT clones.  This has been brewing
since april, and is starting to get ready.  I'd like any feedback on
things people like/dislike in minix, as my OS resembles it somewhat
(same physical layout of the file-system (due to practical reasons)
among other things).

I've currently ported bash(1.08) and gcc(1.40), and things seem to work.
This implies that I'll get something practical within a few months, and
I'd like to know what features most people would want.  Any suggestions
are welcome, but I won't promise I'll implement them :-)

              Linus (torvalds@kruuna.helsinki.fi)

PS.  Yes - it's free of any minix code, and it has a multi-threaded fs.
It is NOT protable (uses 386 task switching etc), and it probably never
will support anything other than AT-harddisks, as that's all I have :-(.
```

OPEN

# ڕێكلام و ئینتەرنێت

بەڕێوەبەری نووسین

دیارە بە ئەزموون سەلمێندراوە كە كاریگەرییەكانی ڕێكلام لەسەر بیرو هەستی كەسی بەرامبەر چەندە زۆرە، بۆیە ڕێكلام بە درێژایی مێژوو بە شێوازی جیاجیا ئەنجام دراوە بۆ ڕەواج پەیداكردن بۆ شتەكان جا دەكرێت شتەكان ماددی یاخود مەعنەوی بن. هەرلەبەر ئەوەش ڕێكلام بە یەكێك لە بنەما سەرەكیەكانی بازاڕگێڕی (marketing) دادەنرێت و بە شێوازی جیاجیا ئەنجام دەدرێت، جا شێوازەكانیش هاوتەریبن لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و گۆڕانكارییان بەسەردا دێت، دەزگاكانی ڕاگەیاندنی بینراوو بیستراو نووسراو هەریەكەیان بە شێوازی جیاجیا ڕێكلام تێیاندا دەكرێت بەڵام هەریەكەشیان بە شێوەی جیاواز كاریگەرییان هەیە لەسەر هاوڵاتی.

ئینتەرنێت وەكو هەر ئامرازێكی تری ڕاگەیاندن خەڵكەكان بە یەكەوە دەبەستێتەوە، جیاوازیەكی زۆریش هەیە لە نێوان ڕووبەری دابەشبوون و ژمارەی ئەو كەسانەی كە ڕێكلام لە ئینتەرنێت دەخوێننەوەو دەیبینین بە بەراورد لەگەڵ دەزگاكانی تری ڕاگەیاندن.

یەكەم ڕێكلامی بە پارە لە ئینتەرنێت بە شێوەی بانەر (banner) لە سەر سایتی كۆمپانیای Hot-wired لە 27ی ئۆكتۆبەری 1994 دەردەكەوت، ئەو كات كۆمپانیای Hotwired یەكەم كۆمپانیا بوو كە داهاتی ڕێكلامی هەبێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا، دیارە پێش ئەو بەروارەش شێوەی تری ڕێكلام كردن هەبوو لە سایتەكان بەڵام بە شێوەی لینك بووە. ئەو كات سایتی Hot-wired تەنها 12 ڕێكلامی تێدابوو كە بۆ كۆمپانیا گەورەكان بوو وەك: AT&T و MCI وsprint و Volvo .. چەند كۆمپانیایەكی تر. ئیدی لەو كاتەوە كۆمپانیا گەورەكان كێبڕكێیانە لەسەر ڕێكلام كردن لە ئینتەرنێتدا. نرخی ڕێكلام كردن لە ئینتەرنێت بەردەوام لە زیادبووندایە بۆ نموونە لە ساڵی 1997 كۆمپانیای AT&T بڕی 10 هەزار دۆلاری مانگانە دەدا بە كۆمپانیای Hotwired بەرامبەر ڕێكلام كردن لە سایتەكەیاندا، كە چی ئێستاكە نرخی یەك بانەر لە سایتی یاهوو مانگانە زیاترە لە 100 هەزار دۆلار!!

دوای پەیدابوونی ئینتەرنێت لە نەوەدەكانی سەدەی رابردو،و لەبەر بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت لە سەرتاسەری دونیا بە خێراییەكی چاوەڕوان نەكراو كە ئێستا ژمارەی بەكارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاترە لە ملیارێك بەكارهێنەر، بۆیە كۆمپانیاكان ڕوویان كردە ئینتەرنێت بۆ ڕێكلام كردن بۆ شت و مەك و كاڵاكانیان.

دیارە چەند جیاوازیەكی سەرەكی هەیە لە نێوان ڕێكلام لە ئینتەرنێت لەگەل دەزگاكانی تری ڕاگەیاندن، لەوانە:

1- ڕێكلام لە ئینتەرنێتدا 24 كاتژمێر لە ڕۆژێكدا، 365 ڕۆژ لە ساڵێكدا لە هەر شوێنێكی جیهان لەبەر دەست و چاوی كڕیار دایە.

2- تێچووی بەرهەمهێنان و دروست كردنی ڕێكلام لە ئینتەرنێت بە بەراورد لەگەڵ دەزگاكانی تری ڕاگەیاندن وەك تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو ڕادیۆ زۆر كەمترە.

3- توانای كارتێكردنی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ كڕیار، بۆ نموونە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بكەیت بە كڕیارەوەو تایەبەتمەندییەكانی كەلهوپەكانی بۆ بنێریت (One.to.one marketing).

4- ڕێكلام لە ئینتەرنێت لەگەڵ كڕیار بەردەوام دەبێت بۆ نمونە دەتوانێت هەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە كەل و پەلەكە بكڕێت، بەڵكو دوای كڕینیش هەر لەگەڵی دەبێت بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكانی تری دوای كڕین.

5- توانای گۆڕانكاری و نوێكردنەوەی ڕێكلامەكە لە هەر كاتێك كە بویسترێت وە زۆر بە ئاسانی و بە تێچوویەكی كەم ئەنجام دەدرێت.

6- ئاسانی گەڕان بەدوای زانیاریەكانی كەلوپەلی ڕێكلام بۆ كراو، بۆ نموونە لەگەڵ ڕێكلامەكە لینكی سایتی كەلوپەلەكە دادەنرێت كە هەموو زانیاریەكانی تێدایە، و كڕیار بە ئاسانی زانیارییەكانی دەست دەكەوێت.

www.c4kurd.com

### لە بەسەرکردنەوەیەکی ئەکادیمیای زانیاری و تەکنۆلۆژیای گەیاندن:

# بۆ یەکەم جار لە کوردستان بڕوانامەی CCNA دەدرێت بە فێرکاران



■ لەم دواییانەدا ئەکادیمیای زانیاری و تەکنۆلۆژیای گەیاندن بە فەرمی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، ئامانجی ئەم ئەکادیمیایە پێگەیاندنی کادیری باش و پێشکەوتووە لە بورای تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندن، ئەم ئەکادیمیایە بڕوانامەی CCNA ی جیهانی سیسکۆ دەبەخشێت بە فێرکارانی دوای تەواوکردنی خولەکان و دەرچوون لە تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەرانی هەفتەنامەکەمان بە باشمان زانی دیدارێك لەگەڵ بەڕێز مامۆستا دلێر زەینەددین مەولود، مامۆستاو سەرپەرشتیاری ئایتی ئەکادیمیاکان ساز بدەین:

**سازدانی: سی فۆر کورد**

**- ئەکادیمیای زانیاری و تەکنۆلۆژیاری گەیاندن (ICT) کەی دامەزراوەو ئامانج لە دامەزراندنی چییە؟**

+ ئەم ئەکادیمیایە هەڵقوڵاوی پرۆژەیەك بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر کە لەسەر ئاستی عێراق بوو بە ناوی (Iraqi Networking Academy (INA)) کە تایبەت بوو بە کردنەوەی ئەم ئەکادیمیانە لە شارەکانی (هەولێر، بەغدا، موسڵ، بەسرە) وەکو ئەکادیمیای سەرەکی (Regional Academy) وە هەر یەك لەم پێنج ئەکادیمیانە، ئەکادیمیای فەرعی هەبێت (Lo-cal Academy) لە ناوچەکانی دەوروبەری خۆیاندا بۆ پێگەیاندنی کادیری باش لە بواری تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندن.

**- پشتگیری ماددی و مەعنەوی ئەم ئەکادیمیایە لە کوێوەیە؟**

+ پشتگیری ماددی حکومەتی هەرێمە بە رادەیەك.

**- ئەو خولانەی کە لەم ئەکادیمیایە دەکرێنەوە چین؟**

+ تا ئێستا تەنها لەلایەن کۆمپانیای سیسکۆوە (Cisco) ئەکتیڤەیشنمان وەرگرتووە وەك ئەکادیمیا دەتوانین کۆرساتی سیسکۆ بڵێینەوە، هەروەها وەك ئاگادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆندێکی لەم بوارەدا لەگەڵ کۆمپانیای مایکرۆسۆفت مۆرکردووە کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت لەلایەن فەرمانگەی ئایتی حکومەتی هەرێم کە هەنگاوێکی مەزنە وە بۆندەکە لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆیە لە ئایندەدا بۆ کۆرساتەکانی مایکرۆسۆفت (Microsoft) دەتوانین کەڵك لەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم وەربگرین.

**- بڕوانامەکانی سیسکۆ کە دەیدەن بە فێرکاران چەندن وەچین؟ وە ئایا ئەو بڕوانامانە لە هەموو دونیا باوەڕ پێکراون؟**

+ ئێمە ئێستا کۆرسەکانی ( CCNA)و (IT) مان هەیە کە لەلایەن کۆمپانیای سیسکۆ بڕوانامەکان دەبەخشرێن بە سەرکەوتووانی بەشداربووانی کۆرسەکان دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بڕوانامەکان بڕوانامەیەکی جیهانییە لەسەر ئاستی دونیا بڕوا پێکراوە، چونکە وەکو وتم لەلایەن کۆمپانیای سیسکۆوە دەدرێن، وە کۆمپانیای سیسکۆ بە یەکێك لە کۆمپیانیا هەرە گەورەکانی بواری گەیاندن دادەنرێت لە جیهاندا، وە زیاتر لە دوو هەزار ئەکادیمیای هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەم جۆرە خوێندنە جیهانیە کە لە ئەکادیمیاکەمان دەخوێندرێت کە ئێستا لە سەرتاسەری جیهان لەبرەو دایە و سیستمێکە کەسێك لە کوردستان یان لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە تەواوی بکات وەك یەك وایە لەبەر ئەوەی یەك سەرچاوەی هەیە لە رووی مەنهەج و گۆڕانکاری سیاسیەتی خوێندنەوە، وە یەك بڕوانامەش وەردەگرێت ستانداردو لە هەر شوێنێك بێت دەتوانرێت کاری پێ بکرێت.

**- ئایا تا ئێستا لە کوردستان هیچ لایەنێکی زانستیی و ئەکادیمی تر هەیە کە ئەو بڕوانامانە ببەخشێت، یاخود ئێوە لە کوردستاندا تاکە لایەنن؟**

+ وەك ئەکادیمیا نا کە مافی بەخشینی بڕوانامەی سیسکۆی هەبێت، بەڵام وەکو سەنتەرو خۆ تاقیکردنەوە لەوانەیە هەبێت.

**- هیچ مەرجێك هەیە بۆ وەرگرتنی فێرکاران لە خولەکاندا؟**

+ وەکو مەرجی دەرەجەی عیلمی یان تەمەن نەخێر، بەڵام کە ژمارەی داواکاران زیاتر بوو لەوەی کە دەتوانین لە هەر خولێك وەریانگرین ئەوا تاقیکردنەوەی کەفائەتیان بۆ ئەنجام دەدەین بۆ هەڵبژاردنی ژمارەی دیاریکراو بە پێی دەرەجەکانیان لەم تاقیکردنەوەیە وەریان دەگرین.

**- شێوازی خولەکان و کاتی خایەنراو چەندە بۆ خولەکان، هەروەها شێوازی تاقیکردنەوەکان چۆنن؟**

+ خولەکان وەك یەك نین لە رووی کاتەوە بۆ نموونە ئایتی جیاوازە لەگەڵ CCNA ، بەڵام بۆ دوا ڤێرژنی CCNA کە ئێکس پلورەیشنە چوار تا شەش مانگ دەخایەنێت کە لە چوار بەش پێك دێت (Networking fundamental – Routing – Switching - WAN) کە بۆ هەریەکێکیان (30) تا (40) رۆژ دەخایەنێت بۆ هەر بەشێك، وە تاقیکردنەوەکان هەر لەناو ئەکادیمیا لەرێگەی ئینتەرنێتەوە (Online) ئەنجام دەدرێن.

**- تا ئێستا ئەکادیمیا هیچ خول لە فێرکارانی دەرچوواندووە؟**

+ ئێمە ئێستا لە سەرەتای دامەزراندنی لقەکانی ئەکادیمیاین (Local Academy) لە پێنج ناوچەی کوردستان لە سەرەتا دەبێت مامۆستا هەبێت لەم لقانە بۆیە ئێستا یەکەم خولی مامۆستایان تەواوبووە، بەڵام رێژەی دەرچوون وەك پێویست نەبوو بۆیە ناتوانرێت پێداویستی هەموو لقەکان پڕ بکرێتەوە بەم ژمارە کەمەی مامۆستایان، لەبەر ئەوە بڕیارە کۆرسێکی تر دووبارە بکرێتەوە بۆ هەمان مەبەست تا بتوانین هەموو لقەکان بەکار بخەین بۆ دەرچوواندنی ژمارەیەکی زۆری فێرکاران.

**- ئەو مامۆستایانەی کە لە ئەکادیمیا وانە دەڵێنەوە پێویستە چ مەرجێکیان تێدا هەبێت؟**

+ ئەمەیان کۆمەڵێك تەعلیمات هەیە تایبەت بە مامۆستا وە بڕوانامەی خۆیان هەیە تایبەت بە مامۆستا کە دەبێت ئەم قۆناغانە ببڕێت کە کۆرسێکی قورسترە، جگە لە کۆرسەکان شتی تر هەیە وەکو سیاسەتی وانە وتنەوەو کاروباری ئەکادیمی.

**- ئایا فێرکار دەتوانێت تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدات و بڕوانامەکە وەربگرێت بێ ئەوەی خول ببینێت یاخود مەرجە کە سەرەتا خولەکە ببینێت؟**

+ لە ئەکادیمیا نەخێر، لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی رۆژانە یاخود هەفتانە هەیە لە بواری تیۆری و کرداری، وە پێویستە لەسەر فێرکار لە تاقیگەی تایبەت لە رووی کردارییەوە فێری ئەم کارانە ببێت کە زۆر پێویستە لە ژیانی کارکردنیدا، بەڵام لەوانەیە لە سەنتەری نا ئەکادیمی ئەمە بکرێت وەك وتم تەنها بۆ خۆ تاقیکردنەوە بەبێ پراکنیك.

**- ئایا هیچ لقی ترتان لە شارەکانی تری کوردستان هەیە کە بتوانن خولەکان بکەنەوەو تاقیکردنەوەکان لەوێ ئەنجام بدرێت؟**

+ بەڵێ، بۆ ئێستا پێنج ئەکادیمیای فەرعی (Local Academy) دامەزراون کە هەموو ئامێرو کەرەستەی پێویستمان پێ داون وەك کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددین، پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، زانکۆی کۆیە، زانکۆی کەرکوك و زانکۆی سلێمانی، بەڵام بەداخەوە جگە لە کۆلێژی ئەندازیاری هیچ کامێکیان لە رووی دابین کردنی شوێنەوە دەعم نەکراون کە لەسەر خۆیانە دابینی بکەن.

**- چەند جار بۆ فێرکار هەیە ئەگەر لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچوو تاقیکردنەوەکە ئەنجام بداتەوە؟**

+ بۆ کۆرسی مامۆستا تەنها یەك هەلی لەبەر دەستدایە ئەگەر سەرنەکەوت چانسی تری نابێت، بەڵام بۆ قوتابیان مەبەستم بەشداربووانی خولەکەیە کە قوتابی ئەکادیمین بۆیان هەیە جارێکی تر لە کۆرسی تر بەشداری بکەنەوە.

**- پەیوەندیتان لەگەڵ فەرمانگەی IT حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

+ یەکتریمان بینیوە پێشنیار کراوە کۆمیتەیەکی هاوبەش دروست بکەین کە لە ئاستێکی باش دەوری خۆمان ببینین بۆ هاوکاری دام و دەزگاکانی حکومەت و بەرەو پێش بردنیان.

**- پلانتان چییە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووتان؟**

+ من باسی پلان ناکەم لەبەر ئەوەی کاتێك پرۆژەیەك دەچێتە بواری پلانەوە کە ئیمکانیاتی تەواو لەبەردەست دا بێت بۆ ئەوەی شتێکی باش بکەیت. ئێمە تا ئێستا لە رووی دابینکردنی شوێنەوە کێشەمان هەیە کە هەموو کەرەستەی پێویستمان ناردووە لە کۆگای زانکۆکان دانراوەو نەتوانراوە سوودی لێ ببینرێت و خەمی لێ نەخوراوە، بەڵام من گەشبینم بەوەی حکومەتی هەرێم لە ئاستی بەرزەوە زۆر جیددین لەم مەسەلانە ئێستا بۆندێکی گەورەی لەگەڵ کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئەنجامدراوە کە بڕوانامەی (MCSE) دەتوانرێت وەربگیرێت لە ئایندەدا لە بواری سۆفتوێری وە سیسکۆ لە بواری Network کە هەلی باش دەرەخسێنێت بۆ هەڵگری ئەم بڕوانامانە لە کەرتی تایبەت یان دەرەوەی هەرێم کە بە کەفائەیەکی زۆر باش دەتوانن کار بکەن لەم بوارەدا.

---

# خۆیندکارانی زانکۆی سلێمانی چۆن دەڕواننە هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) ؟

**ئا: ئەرسەلان جەمال محەممەد ئەبوبەکر**



*■ هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) یەکێکە لەو هەفتەنامانەی کە توانیویەتی لەو ماوە کورتەدا جێگای خۆی بکاتەوە لەناو خوێندکاراندا وە توانیویەتی وەك سەرچاوەیەکی زانستی کە خوێندکاران پشتی پێ ببەستن، بۆیە ئێمەش بە باشمان زانی کە بەشێوەیەکی سەربەستانە سەرنجی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بخەینە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز وە کۆمەڵك پرسیارمان ئاراستەی خوێندکاران کرد بەم شێوەیە:*

- **میدیا ئاسۆ**
**بەشی ماتماتیك و کۆمپیوتەر قۆناغی سێیەم**

خوێنەری (c4kurd)م بەشێوەیەکی باش هەر چ کاتێك بڵاوبکرێتەوە هەوڵ ئەدەم هەمووی بخوێنمەوە بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە باس لەبەرنامەی (C++) دەکات وە ئەو بابەت و هەواڵانەی کە بەشێوەیەکی جوان داڕێژراوە هۆی سەرەکی بووە بۆخوێندنەوەی وە سەرنج ڕاکێشانم چونکە باس لەهەموو تازەگەرییەك دەکات لە جیهانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا. وە هەروەها بڵاوکراوەیەکی پێشکەوتووە هەرچەندە تازەیە بەڵام توانیوێتی جێگای خۆی بکاتەوە لەناو بڵاوکراوەکانی تردا.

پێشنیارم ئەوەیە کە ببێتە گۆڤارێکی نمونەیی وە ستافی ئەم گۆڤارە بتوانن هەموو تازەگەریەکی جیهانی زانست و کۆمپیوتەرمان پێشکەش بکەن و هیوای سەرکەوتن بۆ هەموان، دەست خۆشیتان لێ دەکەم.

- **خۆشی باباڕەسول**
**بەشی ماتماتیك و کۆمپیوتەر قۆناغی سێیەم**

تاڕاددەیەك خوێنەری (C4kurd) م زۆر بابەتی گرنگی تیایە کە وای لێکردووم خوێنەری بم گرنگی بابەتەکانی بەتایبەتی کە باسی سەرجەم لایەنەکانی کۆمپیوتەر دەکات ئەمەش تاڕادەیەك سەرچاوەیەکی باشە بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی کە دەربارەی کۆمپیوتەر دەدوێت، بەتایبەتی بەرنامە سەرەتاییەکانی فێربوونی ئینتەرنێت. بڵاوکراوەیەکی زۆر گرنگ و سود بەخشە لەنێو میدیای کوردی و بڵاوکراوەکانی تردا، چونکە بڵاوکراوەیەکە برەو بە بواری تەکنۆلۆژیاو جیهانی فراوانی ئینتەرنێت دەدات و بەردەوام لە هەوڵی گەیاندنی نوێترین زانیارییە بە خوێنەرانی.

پێشنیارم ئەوەیە کە ستافی ئەم بڵاوکراوەیە بتوانن بەردەوام بن لە کارەکانیاندا و بیکەنە گۆڤارێکی نمونەیی گرنگی بەسەرجەم بوارەکانی بدات وە هیوای بەردەوامی و نەسرەوتنتان بۆ دەخوازم لەم بوارەدا.

- **نەژاد محەممەد**
**کۆلێژی راگەیاندن قۆناغی دووەم**

خوێنەری (C4kurd)م بەڕادەیەکی باش سودێکی زۆرم لێ بینیوە بە تایبەتی لە ئامادەکردنی تەقریرێك بەناوی (ئینتەرنێت و میدیای ئینتەرنێت) توانیمە وەك سەرچاوەیەکی زانستی سوودی لێوەرگرم و وەك راپۆرت کە پێشتر باسم کردووە بە سەرپەرشتی مامۆستا (هێرش) وە سوودم بینیوە لە زانیاریەکانی ئەم تەقریرەش بۆ تەواوکردنی قۆناغێکی خوێندم.

بە بڵاوکراوەیەکی باشی دەزانم لە نێو بڵاوکراوەی کوردیدا بەس دەست خۆشی و هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

- **بەرهەم عومەر**
**گەیاندن قۆناغی دووەم**

بە ڕادەیەکی باش خوێنەریم بەتایبەتیش سایتەکەیان کە سودێکی باشم لێ بینیوە لەگەڵ ئەوەشدا چ وەکو بڵاوکراوەکە یاخود سایتەکە تایبەتمەندی خۆی وەرگرتوە لە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا. بە بڵاوکراوەیەکی سەرکەوتوی ئەزانم.

دەست خۆشیتان لێدەکەم بەڕاستی بڵاوکراوەیەکی سەرکەوتوە هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.

- **سۆز سەلاح عبدالله**
**کۆلێژی کشتوکاڵ قۆناغی سێیەم**

C4kurd بە یەکێك لە رۆژنامە سەرکەووتوەکان ئەزانم وە سوودیکی زۆرم لێ بینووە وە هیوادارم سەرکەووتوبن وە من هیچ پێشنیارێکم نییە، چونکە بەراستی رۆژنامەکە سەرکەووتوە هیوای باشتری بۆ دەخوازم جارێکی تر دەست خۆشی لە ستافی رۆژنامەکە دەکەم زۆر سوودم لە بەرنامەی ئێکسل وەرگرتووە کە بە زنجیرە دابەزیووە لە رۆژنامەکەتان.

- **ئاسۆ مەحمود**
**زانستی کۆمپیوتەر قۆناغی دووەم**

تاڕادەیەکی زۆرباش تامەزرۆی خوێندنەوەی (c4kurd)م. بەهۆی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی بابەتی نوێ لە بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل و گشت بوارەکانی (I.T).

دەتوانم بڵێم رۆژنامەی (C4kurd) تاکە رۆژنامەیە کە توانیویەتی هەڵبسێت بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی زانستی لە دوای سایتی (C4kurd). ئەمەش وای کردوە کە جێگای خۆی بکاتەوە لە دڵی خوێنەرو عاشقانی بواری کۆمپیوتەردا. وە هیوادارم زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات بۆ ئەوەی زیاتر جێگای خۆی بکاتەوە لە دڵی خوێنەرانی دا.

دیارە هەر رەخنەو پێشنیارێك لە رۆژنامەکە دەگیرێت لە پێناوی چاکسازی و بەرەو پێشچونی رۆژنامەکەیە. من بەبۆچونی خۆم چەند پێشنیارێك دەخەمەڕوو بە ئومێدی ئەوەی بەپێی توانا سودی لێ وەربگیرێت:

1- رۆژنامەکە وەکو زۆربەی رۆژنامەکانی دیکە هەفتەی جارێك دەربکرێت.

2- ژمارەی زیاتری لێ چاپ بکرێت و لە رێگای چەند نوێنەرێکەوە بگاتە دەستی خوێنەران لەزانکۆ و پەیمانگاکاندا.

3- زیادکردنی زانیاری لە بواری (Virus & Hack-ing) کە ئەمرۆ دوو بابەتی سەردەمن، عاشقانی کۆمپیوتەر زانیاریان زۆر کەمە لەم بوارانەدا، لە رۆژنامەکەدا گۆشەیەکی بۆ تەرخان بکرێت.



4- چەند سایتێکی زانستی و کۆمپیوتەری بخرێتە ڕوو لەگەڵ دەرچونی هەر ژمارەیەکی رۆژنامەکەدا بۆ ئەوەی خوێنەران سودی لێ ببینن.

5- کێشەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بخرێتە ڕوو بەشێوەی پرسیارو وەڵام.

6- لابردنی بابەتی فێرکاری C++ چونکە بەڕاستی زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە کە ناکرێت لە رێگای وەها رۆژنامەیەکەوە بڵاوبکرێتەوە. وە ئەوانەی شەیدای ئەم بوارەن دەتوانن بە بەکارهێنانی کتێب و CD فێرکاری خۆیان دەوڵەمەند بکەن لەو بوارەدا. وە لە جێگای وەها بابەتێك نهێنیەکانی (Bios & Windows Dos ،) بخرێتە ڕوو. هیوادارم پێشنیارەکانم قبوڵ بکەن. زۆر سوپاستان دەکەم.

**ئەرسەلان ئەحمەد**
**بەشی کارگێڕی و ئابوری - کارگێڕی قۆناغی سێیەم**

سەرەتا دەست خۆشی لە ستافی رۆژنامە دەکەم.

تاڕادەیەکی زۆر خوێنەری (C4kurd)م چ وەك پێگەیەکی ئینتەرنێتی یان وەك رۆژنامە، کە چەندین هەواڵی نوێ و سود ئامیزی لەخۆ گرتووە وە هەمەچەشنی بابەتەکانی وای کردوە بەردەوام بم لەسەر خوێندنەوەی.

بە راستی (سی فۆر کورد) توانیویەتی سودو زانیارییەکی زۆر بگەیەنێ بە هەوادارانی زانست وزانیاری.

من پێموایە(C4kurd) بەلایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمپیوتەر یان بابەتە نوێیەکانی کە لە روی لاپەڕەکانیدا بڵاوی دەکاتەوە، وە لە میدیای کوردیدا توانیویەتی لە ئاستێکی زۆرباشدا رۆڵێکی بەرچاو ببینێ لە بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستیدا.

پێشنیارم بۆ ئەم بڵاوکراوە ئەوەیە:- کە هەوڵبدەن زانیاریەکان لە ئاستێکی بەرزدا بڵاوبکرێتەوە وە گۆشەیەکی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی سایتە جیهانی و ناوخۆیەکان تایبەت بکرێت. وە ئاماژەدان بە کاری ئەو ماڵپەڕانە وە بڵاونەکردنەوەی هەندێ بابەت کە هێندە فراوانە ناتوانرێ لە وەها رۆژنامەیەکدا هەقی خۆی پێ بدرێت. وە ماوەی دەرچونی کەم بکرێتەوە بۆ یەك هەفتە جارێك تا خوێنەران زیاتر سودی لێوەر بگرن وە لە هەر رێگەیەکەوە بێ بڵاوبکرێتەوە بەناوەندەکانی خوێندندا. وە هیوای سەرکەوتن و بەردەوام بونتان بۆ دەخوازم.


## زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربـــوونـــی C++ هەنگـــاو بە هەنگـــاو

### بەشی دەیەم

عەبدولباسیت کامل . ماستەر لە IT . زانکۆی کۆیە


■ وەك لە وانەی رابردوو دا باسمان کرد کە شێوازی لوپی جیاواز هەیە کە یەکەمیان فرمانی for بوو کە لە ڕیگایەوە دەمانتوانی کۆمەڵێ رستەی ناو پرۆگرامەکە دووبارە بکەینەوە بە دیاری کردنی ژمارەی دووبارەبوونەوەکە لە سەرەتای دەستپێکی لووپەکەوە، بەڵام لەم فرمانەی کە ئەم جارە باسی لێوە دەکەین کە فرمانی (while) ە ژمارەی دووبارەبوونەوەکە بە نرخێکی نەگۆر دیاری ناکەین بەڵکو بە پێی مەرجێك دیاری دەکەین بۆ نموونە:





وەك دەبینین کە لەگەڵ while دا مەرجی ئەوە دانراوە کە i لە ١٠ بچوکتر بێت لە کاتێکدا یەکەم نرخی i بریتیە لە ١. ئەوبەشەی کە کەوتۆتە ناو لوپەکەوە بریتیە لە فرمانی پیشاندانی نرخی i لەگەڵ فرمانی زیادکردنی نرخی i لە یەکەوە لەگەڵ هەموو دووبارە بوونەوەیەك دا. While بەو مانایە دێت کە تاوەکو ئەو مەرجەی نووسراوە راستە ئەم فرمانانەی ناو لووپەکە جێ بەجێ بکە، کەواتە لەم بەرنامەی پێشووەدا یەکەم جار نرخی i پیشاندەدات لەبەر ئەوەی لە ١٠ بچوك ترە ئەم کرداەش بەردەوام دەبێت هەتاوەکو نرخی i دەگاتە ٩ بەڵام کاتێ نرخی i دەبێت ١٠ ئەوا مەرجی تەنیشت while جی بەجی نابێت بۆیە ئیعازی ناو while تەواو دەبێت و دەچێتە دەرەوەی لووپەکە، بەم پێیە تا ژمارە ٩ چاپدەکرێت لە سەر شاشەی command prompt .

وەك دەبینین لەم شێوە فرمانە پێویستمان کەمتر دەبێت بە فرمانی break ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو مەرجەی ناو لووپەکە ئەکرێت لە سەرەتاوە دابنرێت.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم فرمانە ئەم نموونانەی خوارەوە دەنوسین کە کاری کۆکردنەوەی کۆمەڵی ژمارە یان جاران کردنیان دەکات بە بەکارهێنانی فرمانی while :





ئەم بەرنامەی پێشووە کاری کۆکردنەوەی ئەو ژمارانە دەکات کە لە نێوان ١ و ٥ دان.





ڕەنگە ئەم وێنەیەی سەرەوە روون بێت بۆ بەرێزتان کە کاری دۆزینەوەی فکتۆریالە.

ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە دەبێت لەم شێوە فرمانەدا و لە ناو بەشی پەیوەندیدار بە لووپەکەوە کارێك بکرێت کە مەرجەکە لە گۆڕان دابێت بە واتای ئەوەی ئەم مەرجە هەروەك خۆی نەمێنێتەوە لەوەی کە راستە بۆ نموونە لە یەکەمین نموونەی ئەم بەشە کە ژمارەی ١ تا ٩ تیایدا چاپکراوە ئەگەر فرمانی i++ نەنوسرایە ئەوا فرمانی چاپکردنی یەکەمین نرخی i کە ١ ە بەبێ وەستان جێبەجێ دەکرا، وەك لە وێنەی ئەوبەر دەیبینین:





وەك دەبینین کە ژمارەی یەك بە بەردەوامی نووسراوە و وەستانیشی نیە چونکە نرخی i بە بەردوامی بچوکترە لە ١٠ و خێرخوازێك نییە وای لێبکات کە گەورەتربێت لە ١٠ بۆ ئەوەی دەربچێت لە لووپەکە لە راستیشدا ئەم کردارە بەردەوام دەبێت هەتاوەکو دەست دەنێین بە دوگمەی کۆنترۆڵ و برێك دا لە هەمان کاتدا بە مەبەستی وەستانی ئەم کردارە !!.


لەم نموونەی خوارەوە دەبینین کە هیچ نرخێك چاپ نەکراوە:




ئەمەش لەبەر ئەوەی کە مەرجی while ەکە بە هیچ شێوەیەك جێبەجی نابێتك بە واتای ئەوەی کە نرخی i یەکسان نییە بە ١٠.

ئەمنموونەیخوارەوە جێبەجیکردنێکی تری ئەم فرمانەیە:




---

# دروستکردنی فەرهەنگی کوردی بە زمانی ڤیژوەل بەیسک


ئا: ئیسماعیل مستەفا تەها
ismahil_1982@yahoo.com

■ لەم باسەماندا هەوڵ دەدەین چۆنیەتی دروست کردنی فەرهەنگێکی (ئینگلیزی-کوردی) روون بکەینەوە بەزمانی ڤیژوەل بەیسك.

سەرەتا بەرنامەی ڤیژوەل بەیسك دەکەینەوەو ئینجا فۆرمێکی نوێ دروست دەکەین، دەچینە سەر مینیۆی File و پاشان form ئینجا OK کلیك دەکەین و ئەم رووکارەمان بۆ دەردەکەوێت:





پاشان لەناو فۆرمەکەدا Combobox و Textbox وە command دروست دەکەین، هەر سێکیان بە ئارەزووی خۆمان رێکیان دەخەین:




پاشان هەڵدەستین بە دانانی کۆدەکان هەر یەکەو لە شوێنی خۆی. بۆ دانانی کۆد دەبڵ کلیك لەسەر ئەو شوێنە دەکەین کە دەمانەوێت کۆدی تێدا دابنێین ئێستا دەمانەوێت کۆد لە ناو کۆماند (com-mand) دابنێین.

If Combo1 = "a" Then
Text1 = "ئەی یەکەم پیتی ئینگلیزی"
ElseIf Combo1 = "b" Then Text1 =
" بی دووەم پیتی ئینگلیزی "
End if




لە ناو کۆماندا ئەم کۆدانە دەنوسین ئێستا لە سەرەتا کە دەنوسین If Combo1 = "a" مانای وایە ئەگەر کۆمبۆ 1 یەکسان بوو بە a برۆ Then لە Text1 = بە ( ئەی یەکەم پیتی ئینگلیزی).


پێویستە دوای نووسینی کۆدی
If Combo1 = "a" Then
ئینتەرێك بکەین، پاشان کۆدی
Text1 = "ئەی یەکەم پیتی ئینگلیزی"
بنووسین. پاشان بۆ هەموو وشەکان پێویستە پاشگری ElseIf زیاد دەکەین لە سەرەتای کۆدەکە بۆ رزگار بوون لە کێشەی نیشان دانی وشەکان کاتێك هەموو وشەکانمان نوسی دواین کۆد دەنوسین (End if).

پاشان دەچین دەبڵ کلیك لەسەر(Form1) دەکەین، دوای ئەوەی کە فۆرممان بۆ دەکرێتەوە ئەم کۆدە دەنوسین ("Combo1.Additem "a ) مانای وایە ئاد ئایتمی (Combo1) یەکسان کە بەو وشەیە کە لە ناو کەوانە بچووکەکە نوسیومانە.


Combo1.AddItem "a"
Combo1.AddItem "b"

بەهەمان شێوە دەتوانین هەموو ئەو وشانەی کە دەمانەوێت لە فەرهەنگەکەدا هەبێت بیان نووسین.

سودی ئەم کۆدانە لە فەرهەنگەکەدا ئەوەیە ئاسان کاریمان بۆ دەکات لە کاتی وشەیەکمان دەوێت بۆمان نزیك دەکاتەوە لەو وشەیەی کە دەمانەوێت.




پاشان کە کاری فەرهەنگەکەمان تەواو کرد دەچینە سەر file ئینجا make.exe کلیك دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە فایلێکی سەربەخۆ، واتا جودابێتەوە لە بەرنامەی (Visual Basic) و ببێتە بەرنامەیەکی سەربەخۆ.




---

# جیـــاوازی نێـــوان (داتـــا و زانیـــاری) چییە؟


■ لەوانەیە هەتا ئێستا زۆرێك لە ئێمە زاراوەی داتا (Data) لەگەڵ زاراوەی زانیاری (Information) بە هاو واتا بزانین و لێکمان جیا نەکردبێتەوە کە لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو زاراوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش من لێرەدا هەوڵدەدەم هەردوو زاراوەکە بە وردی شیبکەمەوە تاوەکو بتوانین بە وردی لەمانای هەردوکیان بگەین.

وەك هەموومان دەزانین یەکێك لە پێناسەکانی ئامێری کۆمپیوتەر ئەوەیە: کە« کە ئەو ئامێرە ئەلکترۆنیەیە کە توانای وەرگرتن و شیکردنەوە و سەروبەرکردن (Processing) و چارەسەرکردنی داتاو زانیارییەکانی هەیە بەگوێرەی ڕێنمایی و کۆماندی تایبەتی و گەیشتن بە ئەنجامی داواکراو بەشێوەیەکی زۆر خێرا و دروست. لە ڕاستیشدا کۆمپیوتەر بەدەر لە جێبەجێکردنی چەند کردایکی ژمێریاری لەکاتی پێدانی ئەرکێکدا، زیاتر نییە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمپیوتەر لە ئامێری ژمێریاریەوە (حاسبة) سەرچاوەی گرتووە و بەهەمان پرەنسیپ کاردەکات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لێرەدا دەپرسین کە داتا چییە و زانیاری چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێن داتا بریتییە لە هەرشتێك کە مرۆڤ بەبیریدا دێت بەواتایەکی تر هەموو پیتەکانی هەموو ئەلفوبێکانی جیهان، هەموو ژمارەکان، هەموو هێماکان، دەنگ و ڕەنگ و تام و بۆن....هتد بریتین لە داتا. بەڵام زانیاری بریتییە لە داتایەکی مانادار. کەواتە دەتوانین بڵێن داتا ڕاستییەکی ڕەهایە بەڵام زانیاری مانایە.

لێرەدا چەند نمونەیەك دەهێنمەوە بۆ ئەوەی زیاتر جیاوازی نێوان داتا و زانیاری ڕون بکەمەوە:

* کاتێك دەڵێین (256) یان (512)، ئەم ژمارانە هیچ مانایەك نابەخشن کەواتە داتان، بەڵام ئەگەر وایدابنێین کە ئەو ژمارانە بریتین لە دوو قەبارەی جیاواز بۆ فلاش میمۆری ئەوا دەبن بەزانیاری. چونکە مانایەکی بەخشی ئەویش ئەوەبوو زانیمان فلاش میمۆری هەیە قەبارەکەی 256 مێگابایتە و هەروەها هەشمانە قەبارەکەی 512 مێگابایتە.

* کاتێك دەڵێن گۆرانی ئەمە بریتییە لەداتا، بەڵام کاتێك دەڵێن گۆرانی حەسەن زیرەك دەبێتە زانیاری چونکە مایەکی بەخشی.



www.c4kurd.com

# ئایا ئەگەری مەترسی رووخان و لەناوچوونی ئینتەرنێت شتێکی رێگا تێچووە؟!

هەردەوان نەقشبەندی

■ ئینتەرنێت پێدەچێت بوبێتە دوا حەقیقەت، جگە لە وڵاتە هەژارو تازە فراژووبووەکان، ئەگینا لە هەموو جێگایەك دەست دەکەوێت، بۆتە گرینگترین هۆکاری پەیوەندی کردنی نێوان مرۆڤ، لە رووی گرینگیش بە سەرەوەی هێڵەکانی تەلەفۆن کەوتووە، لەگەڵ ئەوەی هێشتاش پەیکەربەندی کارگوزارییەکانی ئینتەرنێت پێکدەهێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئینتەرنێت بۆتە کۆگایەکی گەورەی زانیارییەکان و گەورەترین پەرتووکخانەی مەعریفیش کە لە هەموو پەرتووکخانە مەزنەکانی مێژوو گەورەتربێت، و بۆتە ئامراز بۆ گواستنەوەو گۆڕینەوەی زانیارییەکان و ناوەندێکی بازرگانیش کە لەهەموو بازارەکان گەورەتربێت و گرنگترین ئامرازی گواستنەوەی پارەو جیهانیش وەهای لێهاتووە بەبێ ئەو ناوەندە مەحاڵ بێت، بەڵام چ روودەدات ئەگەر کردەیەکی تێکدەرانە لەکاری بخات؟ ئەی دەکرێت ئەو پاڵپەستۆیە زۆرەی سەری نەبێت بەهۆکارێکی رووخانی؟ ئەی سەبارەت بە مەترسیەکانی ڤایرۆسەکان چ بڵێین؟ تا چ ئاستێك ئەگەری مەترسی رووخانی لەناوچوونی ئینتەرنێت شتێکی رێگاتێچووە؟

لەو توێژینەوەیەی کە بەم دواییە دەزگای Numerates ئەنجامیدا هاتووە: لەگەڵ هاتنی ساڵی 2010خواستی زۆر لەسەر خستنەڕووی شەپۆلەکە دەبێتە هۆی لەکارخستنی تۆڕی ئینتەرنێت. توێژینەوەکە پێشبینی ئەوەش دەکات کە بەهۆی پێویست بوون بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەموو داتایانەی کە بەناویدا دەڕوات. خاوبونەوەیەکی زۆر لە تۆڕەکە رووبدات.

بەدڵنیاییەوە روودانی ئەمکارە لە توانایدایە بەشێوەیەکی سەرتاسەری شێوازی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایان خەڵکی بگۆڕێت، بەڵام گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە ئەم کارە دەتوانێت هەر لە سەرەتاوە رکەبەرە داهاتووەکانی گوگڵ و یوتیوب و ئەمازۆن بکوژێت. لەبەر کەمی خواستی بەکاربەران لە ئاستیاندانا، بەڵکو لەبەر نەبوونی ژێرخانی تەواو بۆ پشتیوانی کردنی کۆمپانیا دروست بووەکان.

بەپێی دەزگای com Scoreی پێوانیش نزیکەی 75%ی بەکاربەرانی ئینتەرنێت لە ئەمەریکا مانگی ئایاری رابردوو زیاتر لە 8.3بلیۆن پارچەی ڤیدیۆییان لەسەر تۆڕەکە بینیوە، ئاشکراشە کەوا خواستی پشتێنەی فراوانتر لە زیادبوونی بەردەوام دایە، بەڵام ئایا ئەمە بەو خێرایە دەتوانێت تۆڕی ئینتەرنێت پەك بخات؟ ئەگەر کارەکە بەمجۆرە بێت، کەواتە چۆن ئەم کارەساتە دووربخەینەوە؟

لەساڵی رابردوو پسپۆڕان گوتیان: ئەو یەکە سێرڤەرە Server سەرەکییەی کە هەڵدەستێ بەناردنی پۆستی ئەلیکترۆنی و لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بۆ لایەنە داواکراوەکانی سەرتاسەری جیهان دووچاری شاڵاوێکی وەهابوو کە دەیویست تۆڕی زانیارییە نێودەوڵەتییەکان لەکاربخات. پۆل فیکسی سەرۆکی کۆمپانیای پڕۆگرامی ئینتەرنێت لە کالیفۆرنیا کە خاوەنی یەك لە ئامێری سێرڤەرە سەرەکیەکانە، دەریخست کە لەگەڵ ئەوەی هێرشەکە لە پێکانی مەبەستەکەی سەرکەوتوونەبوو، بەڵام ئاڕاستەی 13سێرڤەری سەرەکی کرابوو کە پشتێنەکانی ناونیشانەکانی ناو بۆشایی ئینتەرنێتیان تێدایە.




هێرشەکانی لەم جۆرە دەبێتە هۆی داخستنی کاتی یەکەکانی سێرڤەر کە بەلافاوی بەخوڕی نامەکان نغرۆیان دەکات و سیستەمی پشتێنەی ناوەکانیش کە یارمەتی بەکاربەرانی ئینتەرنێت دەدات بۆ گەیشتن بەو ناونیشانە ئەلیکترۆنیانەی کە داوای دەکەن لەگەڵ ئەو یەکە سێرڤەرە سەرەکیانەی کە پشتی پێ دەبەسترێت لەوانەی کە تایبەتن بە داتاکانی ناونیشانەکان، بە لاوازترین بازنە لە ئینتەرنێت دادەنرێت، ئەگەر دووچاری شاڵاوبێت دەکرێت ببێت بەهۆی داخرانی تۆڕی زانیارییەکانی نێودەوڵەتی.

بەر لەباس کردنی ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشە لە ئینتەرنێت دەکەن، پێویستە چەمکی ئەو تۆڕە بناسین کەوا ئینتەرنێت پشتی پێ دەبەستێ، بۆ روونکردنەوەی کارەکەش دەتوانین سەیری خودی تۆڕی ئینتەرنێت بکەین، کە بریتییە لە کۆمەڵێك ئامێری کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دەوروبەری کە بە یەکەوە بەستراون. جا ئەگەر تۆڕی کۆمپیوتەر لە شوێنێك بێت «نووسینگەیەك، یان بینایەك» ئەوە بە تۆڕی ناوخۆ -LAN local Area Network ناو دەبرێت، بەڵام ئەگەر تۆڕەکە بۆ سەر زیاتر لە شوێنێك دابەشکرابێت «چەندان بینا، یاخود چەندان شار» ئەوسا بە تۆڕی فراوان -WAN-wide Area Net work ناو دەبرێت.

دەکرێت تۆڕەکە فراوان بێت کۆمەڵێك ئامێری کۆمپیوتەر بگرێتەخۆی کە بەسەر چەندان شوێن دابەشکرابن، یاخود لە کۆمەڵێك تۆڕی ناوخۆیی پێك بێت. یان هەردوو جۆریان لەمەوە بەدیار دەکەوێت کە تۆڕی ئینتەرنێت بریتییە لە تۆڕی چەندان کۆمەڵەی مەزن لە زنجیرەیەك تۆڕی بە یەکەوە بەستراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، جا ئەگەر یەك لەو تۆڕانە لەکارکەوت، ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کەوا هەموو تۆڕەکان بەرەو پەککەوتن دەچن، چونکە پەیوەندی نێوان تۆڕەکان بەڕێڕەوی تری جۆراوجۆردا دەڕۆن. بۆ نموونە ئەوەی کە لە رێگای تۆڕەکانی فەڕەنسا پێی نەگەین، ئەوە دەتوانین لە رێگای تۆڕەکانی بەریتانیا بگەین پێی.

هەرچی سوودی سەرەکی بوونی تۆڕەکەشە ئەوە بەشداری کردنی توانستی خۆیەتی لەنێوان بەکاربەران بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە بەڕێوەبەری تۆڕەکە رێگای پێداوە، بۆ نموونە یەك لە بەکاربەرانی ئامێری کۆمپیوتەر لە تۆڕەکە دەتوانێت «ئەگەر رێگای پێدرابێت» بچێتە ناو فایلە عەمبارکراوەکانی ئامێری کۆمپیوتەری سێرڤەر، یاخود بچێتە ناو یەك لە ئامێرەکانی تر. هەروەها هەندێك لە بەکاربەرانی تۆڕەکە دەتوانن پرینتەرێك یان زیاتر بەکار بهێنن. بەگوێرەی ئەمەش ئینتەرنێت بریتییە لە تۆڕی تۆڕەکان، واتا پێکدێت لە رایەڵ بوونی ملیۆنەها ئامێری کۆمپیوتەرو تۆڕی ناوخۆو تۆڕی فراوان بەناویەکدا. ناوەکەشی لە زاراوەی ئینگلیزی In-ternational Network داڕێژراوە کە مانای تۆڕی جیهانی دەدات. و بەخێرایی و فراوانیش بڵاوبۆوەو رۆژ دوای رۆژیش ژمارەی بەشداربوونی ناو خزمەتگوزارییەکەی بەخێرایی زیاد دەبێت، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئینتەرنێت موڵکی یەك کۆمپانیا، یان وڵاتێك نییە. لەوانەیە کۆمپانیایەك یان لایەنێك لە شوێنێکی دیاریکراو کارگوزاریەکانی ئینتەرنێت رابگرێت، یاخود لەکار بخات، بەڵام هیچ کۆمپانیایەك یان لایەنێك نییە، بتوانێت لەسەرتاسەری جیهان ئینتەرنێت رابگرێت، لەکارکەوتنی یەك لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش مانای لەکارکەوتنی تۆڕەکانی تر ناگەیەنێت. ناو بەناویش گەورە بەرپرسە حکوومییەکان ئاگادارمان دەکەنەوە لە مەترسی ئەو هەڕەشانەی کە دووچاری تۆڕەکە دەبن. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو جۆرە بەرپرسانە وەها دادەنێن کە چوونە ناو سیستەمی کۆمپیوتەر وەك ئەوەی لێهاتووە کە هەڕەشە لە ئەمنی قەومی و ئابووری وڵات بکات. بەرپرسانی ئاسایش دەڵێن: تاوانەکانی کۆمپیوتەر بەخێرایی لە زیادبووندان و وەها هەڕەشە دەکات کە لە سنووری دەسەڵات و زاڵبوون بەسەری بەدەربێت. ئەو شاڵاوانەی کە دەکرێنە سەر تۆڕەکان و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر قەبارەی گرفتی ئەو کێشانەیان زیاتر کردووە کە نووسینگەی بەدواداچوونی فیدراڵی ئەمەریکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. ژمارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەوا نووسینگەی ناوبراو لەساڵی رابردوو نزیکەی 3000کێشەی چوونە ناو تۆڕەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە کردبێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەساڵی 2000ژمارەی کێشەکانی بەردەم لێکۆڵینەوە هەزار دانە بووە.

هەڕەشەکانی ئەم جۆرە کێشانە جۆراوجۆرن لەنێوان ئەوکردارە چوونە ناوە ساکارانەی کە هەرزەکارەکان ئەنجامی دەدەن و ئەو شاڵاوانەی کە فەرمانبەری تۆڕەکان بۆسەرماڵپەڕەکانی دەبەن، بەڵام مەترسیدارترین شاڵاو کە رووبەڕووی نووسینگەکە بۆوە ئەو بڕین و چوونە ناوە ئاڵۆزەیە کە ترسی ئەوەی لێدەکرێت هێزێکی بیانی لە پشتەوەی بێت. جا لەگەڵ ئەوەی نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە گەشەپێدانی تواناکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەمجۆرە هێرشانە سەرکەوت، کەچی بەڕێوەبەرەکەی دانی بە وەدانا کە گرفتەکە بەخێرایی ئاڵۆزتر دەبێت و نووسینگەش دەربەستی ئەو زیادبوونە بەردەوامە نایەت. وەزارەتی ناوەوەی ئەمەریکی داوای دانانی پێوانەی پێوەری هاوشێوەیی ئامێرەکانی کۆمپیوتەری و زەرووڕەتی توندکردنی سزا بەسەر ئەو کەسانە کرد کە تۆڕەکە دەبڕن، بۆ ئەوەی رێگای دروستکردنی پەشێوی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت یان لێ بگرێت.

لێکۆڵەرانی ناو تاوانەکانی کۆمپیوتەر بەردەوام لەکاردان بۆ گەیشتن بەو کەسانەی کە هۆکارن لەزیان پێ گەیاندنی ملیۆنەها دۆلار بەو کۆمپانیانەی کە لە کارەکانیاندا پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن. شارەزایان دەڵێن بەردەست بوونی پڕۆگرامی پێشکەوتوو، سەرچاوەی کۆدە پیسەکانی ڤایرۆسەکان، لەگەڵ بوونی کۆڕو کۆبوونەوەو شارەزایی پڕۆگرامسازە خراپەکان لە ئینتەرنێت وەها لە کرداری پێشکەوتن یاخود داڕێژتنی ڤایرۆسی نوێ دەکات. کە تەنیا پێویستی بە ئاسانترین زمانەکانی پڕۆگرام لەسەر ئینتەرنێت، یاخود تەنیا پێویستی بە پڕۆگرامی پراکتیزەکردنی ئاسایی بێت، بۆ ئەوانەی کە لەم شتانە شارەزان بتوانن ڤایرۆسی نوێ گەشە پێبدەن، کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی زیانی وەها کە پێشتر رووی نەدابێت.

ئەوەی کە زیاتریش پسپۆڕانی ئەمن و ئاسایش لێی دەترسێن درێژەدانی ئارەزووکرنی سەرکێشانەی ئەو کەسانەیە کە پڕۆگرام سازی شارەزاو گەشەپێدەرن و بۆ داڕێژتنی ڤایرۆسی نوێ و سامناکیش لە رکەبەری یەکتری دان. لەبەر ئەوەی کردە تێکدەرەکانیش بەردەوام لەبەرزبوونەوەدایە، بۆیە کۆمپانیاکان تەنیا ئەوەندەیان پێدەکرێت کە بەجدی کاربکەن بۆ سنووردانان نەك بۆ زاڵبوون و لەناوبردن.




# شازی لاپتۆپ

■ بە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ چەند ساڵێك لەمەوپێشی دنیای تەکنەلۆجیا بە گشتی و قۆناغەکانی دروستکردنی کۆمپیوتەر بەتایبەتی، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت کە کۆمپیوتەر تەنها تایبەت بوو بە کۆمپانیا گەورەکان و هەرگیز لە توانای کەسێکدا نەبوو بەتەنها بۆ خۆی کۆمپیوتەری تاکەکەسی خۆی هەبێت. ئەمەش بە هۆی گرانی نرخی تێچوونی دروستکردنی کۆمپیوتەر و هەروەها ئەو جێگا زۆرەی کە پێویست بوو بۆ دانانی کۆمپوتەرەکان، کە جێگایەکی گەورەی داگیر دەکرد و لە بەرامبەریشدا کارێکی کەمی ئەنجامدەدا.

لێرەوە رۆژ بە رۆژ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئەم ئامێرە لە پێشبڕکێدابوون بۆ چاکترکردن و بەهێزکردنی، ئەوان دەیانویست لە رووی قەبارەوە ئامێرەکە بچوکتر بکرێتەوە و لە رووی ئەنجامدانی ئەرکیشەوە تواناکانی زیاتر بکەن، لەهەمووی گرنگتریش بڕی تێچوونی تا رادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە.تا هەموو کەس بتوانێت خاوەنی کۆمپیوتەری تایبەت بە خۆی بێت.

ئەوەی ئەمرۆ دەیبنیین ئەوەیە کە کۆمپیوتەر بەخێراییەکی زۆر بڵاودەبێتەوە، ئێستا کۆمپیوتەر چووەتە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەوەو هەموو کارەکانی بۆ رێکدەخات. هەر بۆیە رۆژانە هەموومان بیر لەوە دەکەینەوە کە ببینە خاوەن کۆمپیوتەری تایبەت بە خۆمان و بتوانین کارەکانمانی لەسەر رابپەڕێنین.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەو شێوازەیە کە لە کاتی کڕینی کۆمپیوتەردا پەیڕەوی دەکەین، راستە هەرکەس حەز لەوە دەکات لەکاتی کڕینی هەر ئامێرێکدا باشترین جۆری ئەو ئامێرە بکڕێت، بەڵام ئەمەش نابێت ئەوەمان لە بیر بەرێتەوە کە دەبێت لایەنی ئابوری ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی تری گرنگی پێدانمان بێت. دیارە ئەم مەسەلەیە لە کڕینی کۆمپیوتەردا زۆر زیاتر بەڕوونی رەنگ دەداتەوە، چونکە کڕیارێك دەتوانیت تەنها بە بڕی (250) دۆلار کۆمپیوتەرێك بکڕێت بە هەموو پێداویستییەکانیەوە، لەکاتێکدا هەر هەمان کەس دەتوانێت (2000) دۆلار بداتە کۆمپیوتەرو بۆ کارەکانی بەکاری بهێنێت. لێرەدا هەست بەو جیاوازییە زۆرە دەکەین لە رووی ئابووریەوە.

ئەوەی لێرەدا بڕیار لە جۆری ئەو کۆمپیوتەرە دەدات کە دەتەوێت بیکڕیت تەنها خۆتیت، دەبێت خۆت جۆری کارەکەت و ئەو ئەرکانە دیاری بکەیت کە دەتەوێت بەو کۆمپیوتەرە ئەنجامی بدەیت، پاشان بە راوێژکردن لەگەڵ کەسانی پسپۆڕدا دەتوانێت جۆرو خێرایی ئەو کۆمپیوتەرە دیاری بکەیت کە پێویستتەو بە پێی ئەو داواکارییە کۆمپیوتەرەکەت بکڕیت.

بەتایبەت لەم کاتەدا کە لاپتۆپەکان خەریکە جێ بە دیسکتۆپەکان لێژ دەکەن و هەمووان لە هەوڵی کڕینیدان دەبێت زیاتر وردبین لە کڕین و بەکارهێنانیدا، تا وەك ئەو برادەرەمان لێ نەیەت کە پێی وتم ماوەیەکە خەریکم پارە کۆ دەکەمەوە و دەمەوێت (شازی لاپتۆپ) بکڕم بەڵام کاتێك لێم پرسی کارەکانت چییە بەو لاپتۆپە کە ئەو هەموو پارەیەی بۆ کۆدەکەیتەوە بینیم کارەکانی لە هەندێ کاری سەرەتایی ۆردو فۆتۆشۆپ تێپەڕی نەدەکرد.

qaradakhi@gmail.com

# چۆنیەتی چارەسەرکردنی شین بوونی ئایکۆنەکانی دیسك تۆپ لەویندۆز ئێکس پی



■ زۆرجار بەهۆی زۆربەکارهێنان و کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر ڕوبەڕوی چەندین گرفتی جۆراوجۆر دەبینەوە، کە جاری وا هەیە گرفتەکانمان بۆ چارەسەر دەکرێ و جاری واش هەیە گرفتی زۆر بچوکمان دێتە پێش و ناشتوانین چارەسەری بکەین.

ئەوەی من دەمەوێ لەم بابەتەدا باسیبکەم شین بوونی ئایکۆنەکانی سەر دیسك تۆپە، زۆرجار دەبینین لە کۆمپیوتەرەکانمان ئایکۆنەکانی سەر دیسك تۆپ بەجۆرێك دەردەکەون کە وەکو سەلێکت کرابن وایە. کە ئەمەش شێوازێکی ناشرین دەبەخشێتە ئایکۆنەکان و لەژێر ناوی هەموو ئایکۆنەکان باکگراوندێکی شین دیار دەبێت، هەر بۆیە لەوانەیە زۆربەمان بەو باکگراوندە شینەی ژێر ئایکۆنەکان نیگەران بین. هەڵبەتە زۆرێك لە بەکارهێنەران پێیان وایە ئەم گرفتە پەیوەندی بە ئۆپشنی ئەپیرێنسەوە (Appear-ance) هەبێت و لەوێ دەستکاری کرابێت، بەڵام بوونی ئەم گرفتە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەپیرێنسەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە دیسك تۆپەوە هەیە و چارەسەرەکەشی زۆر ئاسانە و تەنها بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گرفتەکە چارەسەر دەبێت و وەك پێشتر نووسینەکانی ژێر ئایکۆنەکان بەبێ باکگراوند نیشان دەدرێن.

سەرەتا لە شوێنێکی بەتاڵ (مەبەست لەشوێنی بەتاڵ ئەوەیە پۆینتەر لەسەر ئایکۆن و تاسکبار نەبێت) لەسەر دیسك تۆپەکەت کلیکی لای ڕاست بکە پاشان لەناو ئەو لیستەی دەکرێتەوە کلیك لەسەر (properties) بکە، دەبینین ویندۆیەك دەکرێتەوە لەپێنج تاب(بەش) پێکهاتووە، لەسەر تابی دووەمیان کەنووسراوە (Desktop) کلیك دەکەین وەك لە وێنەکە دیارە، پاشان لەبەشی خوارەوە کە نووسراوە (Custom-ize Desktop) کلیك دەکەین.




ویندۆیەکی تر دەکرێتەوە کە لە دوو تاب پێکهاتووە، کلیك لەسەر تابی دووەم دەکەین کە نووسراوە (Web) لێرەدا دەبینین کۆمەڵێك هەڵبژاردنمان هەیە، بۆ چارەسەری گرفتەکە دەبێت لەناو چوار گۆشەی بەرامبەر(Lock desktop items)




نیشانەی سەح لابدەین بەکلیك کردن لەسەری، بێجگە لەوەش ئەگەر بینیت هەر نیشانەیەکی سەح بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی (Web pages) دانرابوو هەموویان لابدە و ڕیموڤیان بکە. بەمەش گرفتەکە چارەسەر بوو.

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی بەستنی کێبڵی تۆڕ و ئینتەرنێت


باوکی سۆما

بۆ بەستنەوەی دوو کۆمپیوتەر یاخود زیاتر بەیەکەوە ئەوا پێویستمان بە کێبڵی تۆڕ دەبێت، ئەم کێبڵانەش جۆری تایبەتن و فیشەی تایبەتیان هەیە کە پێویستە بەشێوەیەکی زانستی ببەسترێن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە تۆڕەکە کاری خۆی ئەنجام بدات، چونکە زۆر جار ئەگەر فیشەکان بەشێوەی زانستی نەبەسترێن ئەوا یا تۆڕەکە کار ناکات وەیا بەشێوەیەکی ناتەواو کار دەکات کە ئەمەش کار دەکاتە سەر خێرایی تۆڕەکە. کێبڵی تۆڕ چەند جۆرێکی هەیە وەکو (UTP, STP, FTP .. ,) جا شێوەی بەستنی فیشەکانیان کە ناسراون بە (RJ45) کە (8) پنی هەیە، هەموو جۆرەکانیان بەهەمان شێوە دەبەسترێن، شێوە زانستی و ستاندەردەکەی لەلایەن ڕێکخراوی (Electronic Industries Alliance (EIA)) دانراوە و شێوە بەستنەکانیش ناسراون بە (TIA/EIA-568-A) وە (TIA/EIA-568-B). یەکێك لە جۆرە باوەکانی کێبڵی تۆڕ بریتییە لە کێبڵی (UTP) (Unshielded Twisted Pair) کە لە بازاڕەکان ناسراوەو زۆر بەکاردەهێنرێت ، ئەم جۆرە کێبڵەش چەند جۆرێکی هەیە (C3, C4, C5, C5e, C6, ..).


پێش ئەوەی باس لە شێوەی بەستنی فیشەی تۆڕ بکەین چەند زانیارییەك هەیە پێویستە بیزانین:

-1 کێبڵی UTP وە جۆرەکانی تریش کە لەسەرەوە ناومان هێناون لە 4 جووت وایەر پێك دێت کە دەکاتە 8 تاك وایەر وە هەر جووتێك بەیەکەوە لوول دراون. تەنها 2 جووت وایەر بۆ گواستنەوەی داتا بەکاردەهێنرێن ئەویش ئەمانەن:

جووت وایەری ڕەنگی (پرتەقاڵی) (RecvData -) و (پرتەقاڵی-سپی) (RecvData+) بۆ وەرگرتنی داتا (زانیارییەکان)، جووت وایەری (سەوز)(TxData -) (سەوز- سپی) (TxData +) بۆ ناردنی داتا، وە لە لایەنی بەرامبەر واتا سەرەکەی تر ئەمانە پێچەوانە دەبنەوە.




-2 فیشەی (RJ45) هەشت کون (پن)ی هەیە، وەکو لە وێنەکەدا دیارە، لێرەدا تێبینیەکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەی کە لەکاتی بەستنی فیشەکە پێویستە پنەکان ڕوویان لەسەرەوە بێت، وە پێویستە وەك چۆن ژمارە بۆ پنەکان دانراوە ئاوا وایەرەکان ببەسترێن.




-3 بۆ بەستنی فیشەی کێبڵی تۆڕ پێویستمان بە ئامرازی بەستنی تایبەتی دەبێت کە پێی دەوترێت (Network Tool).



## جۆرەکانی بەستنی کێبڵی تۆڕو چۆنیەتی بەستنیان:

جۆری یەکەم: (Straight connection): ئەم جۆرەیان بەکاردەهێنرێت کاتێك کۆمپیوتەرێك یاخود زیاتر دەبەستینەوە بەیەکتر لە ڕێگەی دابەشکەری تۆڕ (HUB)، هەردوو سەری کێبڵەکە بە شێوەی (TIA/EIA-568-A) دەبەسترێت واتا:


پنی 1 ----- پرتەقاڵی / سپی
پنی 2 ---- پرتەقاڵی
پنی 3 --- سەوز / سپی
پنی 4 --- شین




پنی 5 --- شین / سپی
پنی 6 --- سەوز
پنی 7 ---- قاوەیی / سپی
پنی 8 ---- قاوەیی

جۆری دووەم: (Cross Over connection) : ئەم جۆرەیان بەکاردێت کاتێك دوو کۆمپیوتەر بەیەکەوە ڕاستەوخۆ بەیەکەوە ببەستینەوە بەبێ بەکارهێنانی (HUB)، هەروەها بەکاردەهێنرێت بۆ هەندێك کاری تایبەتیش وەك پڕۆگرامکرنی ئامێری تایبەتی کە ڕاستەوخۆ کومپیوتەرەکە لە ئامێرەکە دەبەسترێت. ئەم جۆرە سەرێکیان بە شێوەی (TIA/EIA-568-A) دەبەسترێت کە لە جۆری یەکەم باسمان کرد وە سەرەکەی تریان بە شێوەی (TIA/EIA-568-B) دەبەسترێت وەکو خوارەوە:

پنی 1 ----- سەوز / سپی
پنی 2 ---- سەوز
پنی 3 --- پرتەقاڵی / سپی
پنی 4 --- شین
پنی 5 --- شین / سپی
پنی 6 --- پرتەقاڵی
پنی 7 ---- قاوەیی / سپی
پنی 8 ---- قاوەیی




# چەند سەرنجێك لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

ئاسۆ سماقولی

دیارە لەگەڵ پێشکەوتنی زۆرێك لەتەکنەلۆژیای زانیاریەکان لە جیهانی ئەمرۆماندا، بوارێك نەماوە ئەم پێشکەوتنە خۆی نەگەیاندبێتێ، بەڵکو ژیانی سەردەمی ئەمرۆی مرۆڤ وای لێ هاتوە کە چۆن ناتوانی بێ ئاوو هەوا بژی ئاوا ناتوانی بێ ئامێرە ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیەکان بژی، چونکە واقعی ژیان پێمان دەڵی تۆ ناتوانی لەشارێك بڕۆی بۆ کارێکی بچوك بۆ شارێکی تر، کات و خەرجیەکی زۆری دەوێ مادام تەلەفۆن و ئامێرەکانی تر هەیە تۆ بەناچاری بە کاری دێنی و کارەکەتی پێ ئەنجام دەدەی .

ئەم ئامێرە ئەلەکترۆنیانە هەر کامێکیان بگری لایەنی باش و خراپیان هەیە و دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی بە کارهێنەر، مرۆڤ داهێنراوی ئەم ئامێرانانەیە و لە بنچینەدا بۆ ئەوە دروست کراون:

-1 بۆ قازانج و بوژاندنەوەی ئەم وڵاتە یان ئەم کۆمپانیایە.
-2 بۆ ئاسانکاری و کەڵك و سوود وەرگرتنی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان بە هۆی ئەم ئامێرانەوە .

کامەرانی و خۆشبەختی و مرۆڤەکان لەوەدانیە کە چۆن بەدەستی دەهێنن، بەڵکو لەوەدایە کە چۆن بەکاری دەهێنن، ئەمرۆ لە کوردستان سەتەلایت و مۆبایل و کۆمپیۆتەر و ئینتەرنێت و زۆر ئامێری ئەلەکترۆنی تر هەن و بەکاردەهێنرێن بەبێ شارەزایی و بێ مەبەست وەکو چاولێکەری لەم ولەو بەدەستی دەهێنن .

چەند سەرەنجێکم لەلا گەڵاڵە بووە کە لە دەمی خودی ئەو کەسانەم بیستوە کە ئەم ئامێرانە بەکاردەهێنن. هاورێیەکم ڕۆژێك پرسیارێکی لێ کردم گووتی: ئایە ئەگەر مۆبایلەکەت بە میمۆریەوە بفرۆشی بە کەسێکی تر دەتوانێ داتاو زانیاریەکانی ناوی جارێکی تر بهێنێتەوە، دەڵێن بەرنامەیەك پەیدا بووە ئەم کارە دەکا منیش بە ڕاستگۆیی وەڵامەکەم دایەوەو گوتم بەڵێ ئەگەر چەندین جاریش فۆرماتی بکەی بەرنامەی بە هێزی وا پەیدا بووە، دەتوانی هەموو زانیاریەکانی جارێکی تر بهێنیتەوەو کاریان پێ بکەی، کە ئەم قسەیەم کرد حەپەساو بە سەرسوڕمانیەوە گوتی: بەڕاستە!!، گووتم بۆ چی بووە، وەڵامی نەدامەوە ...!

یەکێکی تر بۆی گێڕامەوە گووتی چوومە یەکێك لە سەنتەرەکانی شارۆچکەیەك بە هیوای کردنەوەی چەند سایتێکی سوود بەخش کە خۆم مەبەستم بوون، چەند هەرزەکارێکی ناشارەزا لەو لاوەی من خەریکی کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت بوون، بێ ئەوەی بزانن ئینتەرنێت چییە بە هەموویان عەربەی دەنکێکی شارەزابوون، پاشان سایتێکی بەدڕەوشتی ببۆوە بە هەموویان نەیان زانیبوو دای خەنەوەو لای ببەن، هاواریان لێ هەستابوو بۆ لای خاوەن سەنتەرەکە کە بۆیان دابخات . نموونەی تر زۆرن بۆ گێڕانەوە بەڵام ئەم نموونانە مشتێکن لە خەروارێك.

# کردنەوەی هەموو پرۆگرامەکانی چات کردن بەبێ بەرنامە

وەك لای هەمووومان ئاشکرایە یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت چات کردنە کە بەواتای گفتوگۆکردن و دەمەتەقێ دێت لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئیتر گفتوگۆکە چ بە نووسین بێت یان بە دەنگ بێت یان بەدەنگ و ڕەنگ بێت، هەرچەند باوەڕ ناکەم هەتا ئێستا بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت هەبێ و ئاشنا نەبووبێ بەچات کردن. ئەمە جگە لەوەی ئەوەندەی من بزانم بەکارهێنەرە تازەکانی ئینتەرنێت یەکەم شتێك کە هەوڵی بۆ دەدەن و دەیانەوێ زوو فێربن لەخزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت چات کردنە، هەربۆیە منیش بەپێویستمزانی لەم بابەتەدا ڕێگایەکی زۆرئاسان وباشتان فێربکەم بۆ کردنەوەی پرۆگرامەکانی چات کردن ئەگەرچی بەرنامەی چات کردنەکەش لەسەر کۆمپیوتەرەکانمان سێتاپ نەکرابێت، چونکە وەك هەموومان دەزانین هەموو پرۆگرامەکانی چاتکردن پێویستیان بەسێتاپ کردن و دانانی بەرنامەکەیەتی لەسەر کۆمپیوتەرەکانمان تاوەکو بتوانین چاتیان پێ بکەین کە ئەم کارەش لەوانەیە لە زۆر جێگا گونجاو و لەبار نەبێ، بۆنمونە کاتێك دەچینە قاوەخانەیەکی ئینتەرنێت یان کە دەچینە جێگایەك کە هێڵی ئینتەرنێتی لێ بێت و دەمانەوێ چات بکەین ئەگەر بێتو کۆمپیوتەرەکە پرۆگرامی چاتکردنی لەسەر نەبێ دەبێ کاتێکی زۆر بەفیڕۆ بدەین تاوەکو بەرنامەکە دانلۆد بکەین وپاشان سێتاپی بکەین بەڵام ئەمکارە زۆر بەئاسانی بەهۆی سایتێکی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ دەکرێ بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات کە بەرنامەکانی چاتکردن لە ئینتەرنێتەوە دابگرین، نەك تەنها بۆ یەك بەرنامەی چاتکردن بەڵکو بۆ هەموو بەرنامەکانی چات کردنی وەکو (یاهووماسنجەر و ئێم ئێس ئێن و گووگڵ تۆك و مای سپەیس و ئەی ئای ئۆ و هەروەها وێب ماسنجەر).

بۆ کردنەوەی ئەم سایتە ئەم ناونیشانە بنووسە لەناو شریتی ئەدرێس (www.ebuddy.com) پاشان ئینتەر بکە. هەروەها ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردن و خۆشحاڵیە دەتوانی ڕوکاری سایتەکەش بکەیتە زمانی کوردی خۆمان بەجێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە.

لەبەشی سەرەوەی لای ڕاستی سایتەکە نووسراوە (Site language) کلیکی لەسەر بکە







لیستێك دەکرێتەوە لەناو لیستەکە دەبینین نووسراوە کوردی کلیکی لەسەر دەکەین ڕاستەوخۆ ڕوکاری سایتەکە دەبێتە زمانی کوردی.




هەروەها جگە لەمانەش هەر لەڕێگەی ئەم سایتەوە دەشتوانی بەرنامەی چاتی ئی بودی (ebuddy) بەخۆڕایی دابگریت و لەناو مۆبایلەکەت سێتاپی بکەیت، کە پرۆگرامێکی زۆرباش و بێ وێنەیە بۆ چاتکردن بەمۆبایل چونکە بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانی لەناو مۆبایلەکەت بەهەموو ئیمەیڵەکانت لە یاهوو و هۆتمەیڵ و لایڤ چات بکەیت لەهەمان کات واتە لەیەك کاتدا دەتوانی چات لە یاهوو ماسنجەر و ئێم ئێس ئێن ئەنجام بدەیت.

بۆ داگرتنی بەرنامەی چاتی ئی بودی (ebuddy) بەخۆڕایی کلیك لەسەر ئەو شوێنە بکە کە لەوێنەکەدا دیاری کراوە.




# پرسیارو وەڵام



**پرسیاری کاروان عەلی: من ئیمەیلێکم هەیە لەیاهوو، زۆرجار دەبینم ئیمێڵم لە چەند کۆمپانیا و کەسانێکەوە بۆ دێت کە نایان ناسم، ئایا دەتوانم ئیمەیڵی ئەوانە بلۆك بکەم و ئیتر نەتوانن ئیمەیڵم بۆ بنێرن؟**

وەڵام: بەڕێز کاك کاروان بۆ وەڵامی پرسیارەکەت، بەڵێ دەتوانی هەرکەسێك کە خۆت پێت خۆش نەبێت ئیمەیڵت بۆبنێرێت دەتوانی ئیمەیڵەکەی بلۆك بکەیت بەجێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە:

سەرەتا ئیمەیڵەکەت بکەرەوە پاشان لەبەشی لای ڕاست کلیك لەسەر (Options) بکە دواتر کلیك لەسەر (Block Addresses) بکە، پاشان ئەو ئیمەیڵەی دەتەوێ ئیمەیڵت بۆ نەنێریت و بلۆکی بکەیت لەناو ئەو بۆشاییە سپییە دەینوسی و پاشان کلیك لەسەر (Add Block) بکە، بەمەش ئیمەیڵەکە بلۆك دەبێت.

**پرسیاری نەهرۆ خوارەحم: من کۆمپیوتەرەکەم ویندۆزی ڤێستای لەسەرەو ئەنتی ڤایرۆسی کاسپەر سکای بەکاردەهێنم بەڵام زۆر کۆمپیوتەرەکەمی هێواش کردۆتەوە، ئەمە هۆی چییە؟**

وەڵام: برای بەڕێز کاك نەهرۆ دیارە هەموو پرۆگرامێکی ئەنتی ڤایرۆس دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ ویندۆزو لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هێواشی کۆمپیوتەر، چونکە لە کاتی کارکردنی ئەنتی ڤایرۆسەکە کە بەردەوام لەگەڵ داگیرساندنی کۆمپیوتەرەکە دەست بەکار دەکات بۆ ئەوەی ئامادەبێت دژی هەر مەترسییەك کە تووشی کۆمپیوتەرەکە دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات بەردەوام بەشێك لە ڕامی کۆمپیوتەرەکە بەکاربباب.

# ئایا کۆمپیوتەر کوڕە یان کچ!!؟

لەبەشی ئای تی یەکێك لەزانکۆکانی ئەوروپا ڕاپرسییەك لەناو قوتابییەکان کرا سەبارەت بە دیاری کردنی ڕەگەزی کۆمپیوتەر تاوەکو بگەنە ئەنجامێك و بزانن ئایا کۆمپیوتەر ڕەگەزی نێرە یان ڕەگەزی مێیە؟! سەرئەنجام گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە زۆرێك پێیان وایە کۆمپیوتەر زیاتر سیفات و تایبەتمەندی کوڕانی تێدایە و زۆرێکیش پێیان وایە زیاتر سیفات و تایبەتمەندی کچانی تێدایە.

کچەکان بڕوایان وابوو کەوا کۆمپیوتەر زیاتر سیفات و تایبەتمەندی کوڕانی هەیە لەبەر ئەم هۆیانە:

1. کاتێك کە خومان پێوەگرت وا هەست دەکەین کە بەبێ ئەو توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکمان نییە.
2. لەگەڵ ئەوەی کە داتایەکی زۆریان پێیە، بەڵام خۆی نەزانە.
3. هەرکاتێك پابەندی یەکێکیان ببین، سەیر دەکەی ئەگەر کەمێك پەلەمان نەکردایە دانەیەکی لەو باشترمان دەست دەکەوت.

بڕوای کوڕەکانیش وابوو کەوا کۆمپیوتەر زیاتر سیفات و تایبەتمەندی کچانی هەیە لەبەر ئەم هۆیانە:

1. جگە لە بەدیهنەرەکانیان، کەسێکی تر لە لۆژیکی ناوەویان سەردەرناکات.
2. کەس لەزمانی پەیوەندی نێوانیان تێ ناگات.
3. بچوکترین هەڵە لە یادگای ماوە درێژی خۆیاندا دەپارێزن تاوەکو دواتر تۆڵەی خۆیانی پێ بکەنەوە.
4. هەر لەگەڵ ئەوەی کە دانەیەکیانت کڕی دەبێت تەواوی پارەکەت خەرج بکەی بۆ کڕینی کەل و پەلەکانی.



# سی فۆر کورد

هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە
بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

جێگری سەرنوسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

سەرنوسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693 – 07702124447
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com



## کۆمپانیای ئاسوس مۆبایلێکی پێشکەوتوو دروست دەکات



هەموومان کۆمپانیای ئاسوسمان ناسیوە کە بەناوبانگە لە دروستکردنی لاپتۆپ و مەزەربۆرددا. بەڵام لەم مانگەدا کۆمپانیای ناوبراو جۆرێك لە مۆبایلی خستە بازاڕەکانەوە کە ناوی ناوە M536.

ئەم جۆرە مۆبایلە GPS ی تێدایەو سیستەمەکەی جۆری ویندۆزی مۆبایلەو کامێراکەی 3 مێگا پیکسلەو شاشەکەی بە لەمس کار دەکات. کۆمپانیای ناوبراو وا بەتەمایە لە ناوەڕاستی ئەم ساڵ بیخاتە بازارەوە.

## سایتێکی تایبەت بە بەناوبانگترین تاوانەکان لە مێژوودا




سایتی www.crimelibrary.com تایبەتە بە باسکردنی ئەو تاوانانەی کە بە درێژایی مێژوو کراوەو رویداوە. جگە لەوەی زانیاری لەسەر ئەو شێوە کوشتنە درندانەی تێدایە کە کراوە. جگە لەمانەی ناوو وێنەی ئەو کەسانەی لە مێژوودا زۆرترین تاوان و کوشتاریان کردوە لەگەڵ شیکردنەوەی کەسایەتی ئەوانەی ئەو بیرۆکانەی کە بۆیان هاتوە لە کوشتندا.

هەروەها سایتەکە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی بێ لایەن باس لە مێژوو بکات بۆ نمونە کاتێك باس لە خراپی رژێمەکانی عێراق دەکات لە پاڵیشیدا باس لە کوشتارەکانی سوپای ئەمریکاش دەکات لە عێراقدا.

هەر لەم سایتە دەتوانیت زۆر وێنەی جۆراوجۆرت دەست بکەوێت هی ئەو کەسانەی کە کاری کوشتن و خراپەکاریان کردوە لە مێژووی جیهاندا.

جگە لەمانە سایتەکە گەڕانێکی پێشکەوتووی تێدایە کە بە هۆیەوە دەتوانیت ئەوەی دەتەوێت بۆی بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە.

## لەسەدا یەکی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا ڤیستا بەکاردەهێنن



ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانی لە سەرژمێریەکدا کە ٣٥٩ کۆمپانیای بەناوبانگی ئەڵمانی تێیدا بەشداری کرد دەریخست کە تەنها لە سەدا یەکی ئەو کۆمپانیایانە ویندۆزی ڤیستا بەکاردەهێنن.

ئەم سەرژمێریە لە پیشانگای سیبیت لە ئەڵمانیا بڵاوکرایەوە کە رۆژی یەك شەممەی رابردوو کۆتایی پێهات. ئەمە دوای ئەو زانیاریەی مایکرۆسۆفت دێت کە بڵاویکردەوە کە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن کۆپی ویندۆزی ڤیستامان فرۆشتوە.

## ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەکان

**ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەینەوە کە بابەت بۆ (سی فۆر کورد) دەنووسن لەکاتی نووسینەکانیاندا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:**

**1- تا بکرێت بابەتەکان بە (یونیکۆد) بنووسرێت.**
**2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەکی کەسی لەگەڵدابێت.**
**3- ئەگەر بکرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی پێویستداو دابەزاندنی ئیمەیڵەکە لەگەڵ بابەتەکە.**
**4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی کەم بکرێتەوە.**
**5- با بابەتەکان وێنەی روون کردنەوەی لەگەڵ دابێت.**
**6- تا بکرێت بابەتەکان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.**
**7- بابەتەکان لە شوێنی تر بڵاونەکرابنەوە.**
**8- بابەتەکان لە رێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە رەوانە بکەن:**

**np@c4kurd.com**

## دوا کلیک

# ئەمن فوولم و لە بان کۆمپیوتەر ئیش ئەکەم!

**باوکی هێڤار**

زۆر نیە کۆمپیوتەر هاتۆتە ئەم وڵاتەی ئێمە بەڵام بە شێوەیەکی باش تەشەنەی کردوە، بە شێوەیەك هەر کەسێك ئەلفو بێی کۆمپیوتەر بزانێت ئەوە بە پرۆفیسۆر لەقەڵەم دەدرێت. کۆمپیوتەر هەر لە هاشەو هوشی نەفەرەکان نەوەستاوە بەڵکو زۆرێك لە بازار لەگەڵ زیاد بونی سوپەرمارکێتەکان دوکانی کۆمپیوتەریش رووی لە زیادی کردوە. بۆیە وای لێهاتوە هەر کەسێك دەبینیت دەڵێت (من لەسەر کۆمپیوتەر ئیش ئەکەم). ببورن من وشەی (لەسەر) مکەم کردوە لە (بان) واتە بۆ ئەوەی پرسیارەکەی منتان لا روون بێت کاتێك کە نەفەرێك وا دەڵێت منیش دەڵێم یانی هەر لەسەر سەری کۆمپیوتەرەکە؟ یان لە پاڵ کۆمپیوتەرەکە؟

دوای زەردەخەنەیەك وەڵامەکەیان ئەوەیە کە لە پاڵ کۆمپیوتەرەکە ئیش ئەکەن. لێرەدا من مەبەستم زمانەوانی کوردی نیەو زۆریشی لێ نازانم بەڵام مەبەستم باسکردنی ئاستی شارەزایی بەکارهێنەرەکانی کۆمپیوتەرە لەم وڵاتەی خۆمان.

زۆر کەس دەبینی تەنها دەزانێت لە ۆرد کار بکات و دوو پەڕە طەبع بکات ئیتر خۆی کردۆتە زاناو داناو بەملاو ئەولادا علم ئەبەخشێتەوە. بەدەرەجەیەك کەسانی تر بە جاهل دەزانێت جارجاریکیش فشەیان بەسەرا دەکات.

لەگەڵ ئەوەی ئەگەر کەسێك زۆر لە زانستی کۆمپیوتەر قوڵ بێتەوە و زۆرێك لە کارەکان و کون و کەلەبەرەکانی بزانێت هەست دەکات کە هێشتا زۆری ماوەو دەبێت زۆر بە حەزەر وەڵامی پرسیاری خەڵك بداتەوە کە ئەگەر لێی بپرسن ئەرێ شارەزایت هەیە لە کۆمپیوتەر؟! چونکە وەڵامەکەی بە بەڵێ بێت و بە نەخێر بێت هەر کێشەیە.

بۆ نمونە من بەرنامەی ۆرد دەزانم نوسین و رەنگەکەی و گەورەکردنی فۆنت و دروستکردنی جەریدەو تەصمیمی کتێب و زۆری تری تێدا شارەزام. ئەم شارەزاییە لە ۆرد ئەوە ناگەیەنێت بڵێین من (فولم) لە کۆمپیوتەر. تەنانەت ناتوانین بڵێین (فولم) لە بەرنامەی ۆرددا. چونکە (فول) بون ئەوە ئەوتریت ئیتر جێگە نەمێنێت و بە هەر چوار لایدا بێتە خوارەوە. لەگەڵ ئەوەش هێشتا بەشەکانی ماکرۆ و مەیڵ مێریج و زۆری تر هەیە هەر تەقەی سەرمان دێت.

بۆیە لە بان کۆمپیوتەر ئیش کردن مانای هاشەو هوشە نیەو کەسمان ناتوانین بە شێوەیەکی موتلەق بڵێین من لە کۆمپیوتەر ئەزانم. بەڵکو دەتوانین بڵێین توزێك تەقە تەقی تێدا دەکەین.

چومە دائرەیەك خانمێکی بەرێز خەریکی یاریەکی زۆر منداڵانە بوو هەروەها زۆر خۆی مشەوەش کردبوو بە یاریەکەوە. بە جۆرێك هەست و نەستی تەنها لای یاریەکە بوو. جار جاریش دەنگێکی خۆش لێ دەهات کە وا دیار بوو لەو کاتە بردبویەوەو هەندێ جاریش وشێکی ئەهات کە دیار بوو دۆڕاندبوی. دەبێت بزانین ئەم خانمە لەبان کۆمپیوتەر ئیش ئەکات لەو دائرەیە.

لەوکاتە جەرەسێکی بۆ هات و دیارە بەرامبەرەکەی پرسیاری لێ کرد کە چی ئەکات ئەویش بە بێزاری و لە خۆ بایی بونێکەوە وتی هەر کۆمپیوتەر نیە. دیارە ئەبێت هەموان بزانین ئەم خانمە ئیشی کۆمپیوتەر لەو دائیرەیەو کە دەچێتەماڵیشەوە زۆر ماندوە.... بێگومان زۆر ماندو قابیلە خۆ کۆمپیوتەر مێشکی ئەوێت هەروا گاڵتە نیە.

هەتا لەسەر کۆمپیوتەر ئیشکەری وا مان هەبێت پێویستە ئێمە بڵێین تکایە من (لەپاڵ) کۆمپیوتەرەکەم ئیش ئەکەم....!


هەفتەنامەی

سی فۆر کورد

www.c4kurd.com



بۆ دەست کەوتنی هەفتەنامەی (سی فۆر کورد) لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان پەیوەندی بەم شوێن و کەسانەوە بکەن:

**هەولێر:**
* **دابەشکەری سەرەکی لە هەولێر:**
**خانەی کاوان بۆ بڵاوکردنەوە** - بەرامبەر دادگای هەولێر
مۆبایل: 07504612568
* **پەڕاوگەی برایەتی** - پشت بارەگای رۆژنامەی خەبات
تەلەفۆن: 0662262515 - مۆبایل: 07504535114
* **فۆتۆکۆپی ئەندازە** - ناو کۆلیژی ئەندازیاری
مۆبایل: 07504889014

**سلێمانی:**
* **دابەشکەری سەرەکی لە سلێمانی:**
**مەلا موحسین رۆژنامەفرۆش** - بەر دەرکی سەرا
مۆبایل: 07701503605
* **محەمەد ئەبوبەکر تۆفیق** - زانکۆی سلێمانی
مۆبایل: 07701989495

**هەڵەبجەو دەشتی شارەزوور:**
**کتێبخانەی هەژار موکریانی** - شەقامی گشتی هەڵەبجەی شەهید
مۆبایل: 07501173921

**رانیە:**
**شەماڵ صالح** - مۆبایل: 07501229903

**کەلار:**
**بیلال سەعید** - مۆبایل: 07501121762

کورتترین رێگا بۆ جیهانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان


www.c4kurd.com